سەربەست حسێن

# ئێزدی‌یەکان
# لەمێژووی نەتەوەکەیاندا

چاپی دووەم

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٢

سەربەست حسێن

ئێزدی‌یەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا

چاپی دووەم

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی بیر: (١١)

ژمارەی سپاردن: (٤٦١)ی ساڵی ٢٠٠٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

## پێشەکی چاپی دووەم

بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە لەساڵی ١٩٨٤دا لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستاندا پەخش کرانو دواتر لەدوو توێی نامیلکەیەکی مامناوەنجی ٥٨ لاپەڕەیی بەتیراژی ٤٠٠ دانە بڵاوکرانەوە.

ئەم نامیلکەیە، وەك لەناونیشانەکەی دیارە، بۆ بابەتی ئێزدییەکان تەرخان کراوە کە گروپێکی ئاینیی گەلی کورد پێکدێنن. نوسینو بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە لەساڵی ١٩٨٤دا بۆ هەلومەرجی وتووێژی ئەو کاتەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حکومەتی عیراق دەگەڕێتەوە چونکە لەو وتووێژەدا کاربەدەستانی عیراق بۆ دابڕاندنی ناوچەکانی شێخانو شنگار لەخاکی کوردستان، دەیانگوت گوایە ئێزدییەکان بەشێکی گەلی کورد پێکناهێنن. لەم سۆنگەیەوە، پەخش کردنی بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە لەرادێوی دەنگی گەلی کوردستان (کە ئەوسا بەڕادیوی دەنگی شۆڕشی عیراق ناسرابوو) و پاشان بڵاوکردنەوەی بەشێوەی نامیلکە، کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ پوچەڵ کردنەوەی بیانووەکانی حکومەتی عیراقو رونکردنەوەی هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانی لەم بارەیەوە.

ئەم نامیلکەیە تاکە نامیلکەیە کەبەزمانی کوردی لەکاتی شۆڕشدا (١٩٦١-١٩٩٠) لەسەر ئێزدییەکان نوسرابێ. لێرە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە لەناونیشانی هەوەڵ جاری نامیلکەکەدا وشەی ((یەزیدییەکان)) بەکار هێنراوە نەك ((ئێزدییەکان)) بەڵام لەم چاپی دووەمەدا وشەی ((ئێزدییەکان)) بەکار هاتوە، ئەگەرچی لەناوەخن دا دەستکاری نەکراوە.

هەروا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە نوسەری ئەم نامیلکەیە، سەربەست حسێن، لەچاپی یەکەمدا ناوی راستەقینەی خۆی لەسەر نامیلکەکە دانەناوە بەڵکو ناوێکی خوازراوی بەکارهێناوە، ئەویش لاوکە. بەڵام لەم چاپی دووەمەدا ناوی راستەقینەی خۆیمان لەسەر داناوە.

**بەهیوای سود وەرگرتن لەم نامیلکەیە.**

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

## پێشەکی

لەوەتەی زانست پێشکەوتووە، دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی وەك هەر بەشێکی تر لەزانست- چەند مەرجو سیفاتی دیاریکراوو چەسپاوی بەخۆیەوە گرتووە. لەرێگەیانەوە دەتوانرێ دەستنیشانی ناسنامەی نەتەوایەتی هەر گروهێکی مرۆیی پێ بکرێ. ئەو مەرجانەش زمان، مێژوو، ئابووری، بیروباوەڕ، دابو دەستوری هاوبەش. سەرەڕای پێکهاتنی سایکۆلۆژیو بیروبۆچوونی هاوبەش.

مێژوو بەتایبەتی مێژووی نوێی مرۆڤ، لەرێگای خەباتی گەلانی مەڵبەندە جیاجیاکانی پێنج کیشوەرەکانەوە، سەلماندویەتی، کەوا گەڕانەوە بۆسەر ئەومەرجانە تاکە رێگای دیاریکردنی رەگەزو رەچەڵەکی هەر گروهێکی مرۆیی‌یە.

ئەو ئاگرو ئاسنو راگواستنو دەربەدەرکردنو کوشتارەش کە هەندێ لایەن بۆ دژایەتی کردنی ئەم زانستو راستیانە سەرفی دەکەن لەپارەوپول بەفیڕۆدانو خەڵك بەخۆڕایی بەکوشت دان بەولاوە، ئەنجامێکی ترنادا بەدەستیانەوە.

ئەم نامیلکەیەی بەردەستت زنجیرە وتارێکە، لەڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراقەوە بڵاوکرایەوە. لەبەرگرنگی باسەکەو لەپێناوی ئەوەی زیاتر بخرێتە پێش ڕای گشتیو جەماوەری گەلەکەمانو رۆشنبیران، چاپ کرا.

بەهیوای ئەوەی دەرگایەکی بچوك لەسەر ئەو مەسەلە گرنگو زیندووە بخاتە سەرپشت کە هەردەم یەکێك بووە لەخاڵەکانی جیاوازی هەر هەوڵدانێك بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەی گەلی کورد.

١

## تەمەنی درۆ لەمێژوودا کورتە

پاش داهێنانی نووسین، مێژوو لەوە دەرچووکە بەشێوەی سەر گوزەشتەو چیرۆك دەماودەم بگێڕدرێتەوە. بەهۆی نووسینەوە، ڕووداوە کۆمەڵایەتیو سروشتی‌یەکان، لەسەر لاپەڕەی کتێب تۆمارکران، بێ ئەوەی ئەو ڕووداوانە بەگێڕانەوەی دەماودەمی، تووشی زیادی وکەمی بن.

گەلان خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی مێژوون. هەرچەندە لەزووەوە بەحوکمی دەسەڵاتدارێتی، دەستەو تاقمو چینی زۆردار، زۆرجار درۆودەلەسە بەپێی حەزی ئەوان خزێنراوەتە ناو مێژووەوە، بەڵام هێندەی نەبردووە ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکان لەلایەن گەلانەوە خراوەتە ڕوو. بەمجۆرە تەمەنی درۆ لەمێژوو درێژ نەبووە.

زانستی مێژوو کاتێ دەکەوێتە بەردەستی بۆرژواو تاقمانێ دەسەڵاتدار وەك زانستێکی تر دەیشێوێنن. چی لەبەرژەوەندیان دابێت فەرمانی تۆمارکردنی ئەو دەدەن. لەشەڕێکا ناپلیۆن هەواڵی کوژرانی یەکێ لەژەنەراڵە گەورەکانی بۆ هاتەوە، ئەویش پرسی: پێش ئەوەی بمرێ ژەنەراڵ چی گوت؟ پەیام نێر، گوتی ((گەورەم، لەبەر ئێش‌و ئازاری خۆی، هەر ناڵەناڵی بوو.)) ناپلیۆن ڕووی لەیاداشت نووسەکەی کردو گوتی: بنوسە ژەنەراڵ هەتا گیانی سپارد گوتی بژی فەرماندەی لەشکر ناپلیۆنی گەورە. ناپلیۆن توانی بەفەرمانێك ئەمە بەیاداشت نووسەکەی تۆمار بکا. بەڵام کوا توانی بیکاتە ڕاستی‌یەکی مێژوویی؟

بەمجۆرە مێژوو، لای بۆرژواکان، هەرگیز لەپێناسەکەی نزیك نابێتەوە کە بریتی‌یە لە ((تۆماری هەموو ئاڵوگۆڕێکی سروشت‌و کۆمەڵ)) [i] زانا بۆرژوازیەکان هەمیشە پیشەیان دروستکردنی تیۆری زۆرداری‌و کۆنەپەرستانەو چاوو ڕاوی دوور لەڕاستی بووە [ii].

دەستەو تاقمی حوکمدار- بەتایبەتی ئەوانەی لەڕێگای کودێتای سەربازی‌و خوێنڕشتنەوە خۆ دەگەیەننە سەر کورسی- هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی حوکمەوە سەرقاڵی ئەوە دەبن سەر لەنوێ مێژوو بەشێوەیەکی ئەوتۆ بنووسنەوە ئەو ئەنجامەبدا بەدەستەوە کەوا کودێتاکەیان پێویستیەکی مێژوویی ئەو قۆناغەیەو شۆڕشێکی بێ هاوتایە. بۆ ئەوەش پەنا دەبەنە بەرچەند قەڵەم فرۆشێك‌و هەرچی درۆو دەلەسە هەیە پێیانی تۆمار دەکەن.

بەڵام لەبەرئەوەی گەل خۆی خاوەنی ڕاستەقینەی مێژووە ئەگەر بۆ ساتێکی کورت‌و لەئەنجامی زەبروزەنگ‌و دەسەڵاتی

کاتی‌یەوە هەندێ رووداوی لێ بشێوێندرێو درۆودەلەسەی تێ بخزێندرێ، هەندە نابات راستی‌یەکان لەلایەن گەلەوە دەخرێنە بەرچاو وجێگای رەوای خۆیان لەمێژوودا دەکەنەوە.

((میرابۆ)) کابرایەکی فەرەنسایی بوو لەسەدەی هەژدەهەمدا بەلایەنگری جەماوەرەوە بەشۆڕشگێڕ ناسرا. بەشێوەیەکی ئەوتۆ نازناوی ((گوتە بێژی شۆڕش)) یان پێداو بووە وێردی سەرزمانی جوتیارو کرێکارانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا. کاتێ مرد، هەزاران هەزار کەس بەدوای تەرمی ئەو کەڵە پیاوەوە بوون کەچی پاش کەوتنی رژێمی پاشایەتی ساڵی (١٧٩٢) بەڵگەنامەی ئەوتۆ کەوتە دەست جەماوەری گەل، سەلماندی میرابۆ بەکرێ گیراوی لویسی شانزەهەم بووەو نۆکەری بووە. بۆیە بەجۆرێ ریسوا بووکە جەماوەر لەگۆڕیشیا لێی نەگەڕان، خاکی سەریان هەڵدایەوەو ئێسکەکانیان سووتاند.

تۆ بڵێی ناپلیۆنو هیتلەرو مۆسۆلینی، هەرچی چاکە بۆ خۆیان نەنووسیبێتەوە؟ دەستەو تاقمی دەسەڵاتدار هەرگیز نایانەوێ دەرس لەم پەندو رووداوانە وەربگرن. بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەراستو چەپ کەوتونەتە وێزەی مێژووی ژێردەستەیانو بەپێی ویستی رەگەزپەرستانەیانو بەهیوای شێواندنی دەستیان تێوەردەدەن.

مێژووی نەتەوەی کورد، لای رژێمەکانی ئەو نەتەوە سەردەستانەی پارچەکانی کوردستانیان بەخەڵات پێ بەخشراوە تا بڵێی ئاڵۆزە لە هەر پارچەیەو بەپێی حەزو بەرژەوەندی رژێمەکەی تەفسیر بۆ ئەسڵو فەسڵی ئێمە کراوە. جێگەی داخە بڵێین ئەو راستیانەی رۆژهەڵات ناسو مێژوونووسانی هەندەرانو ئەوروپا لەسەر نەتەوەی کورد نووسیویانە، لەلایەن ژمارەیەکی کەم لەمێژوونووسانی دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکانەوە نەبێ دانیان پێدا نەهێندراوە. تەنانەت بیری تەسكو تەڵخی شوڤینیانە وای لەهەندێکیان کردووە کورد بگەڕێننەوە سەر نەژادی عەرەب یا فارس یا تورك بگرە سەر جنۆکەش هەریەکە لەجێگای خۆیەوە.

بەڵام هەروەك وتمان: راستی‌یە مێژوویی‌یەکان لەلایەن ئیرادەی گەلان دەچەسپێندرێن نەك دەستەوتاقم بۆیە ئەوانە بۆ شێواندنی مێژووی گەلان وەك ئەوە وایە بەری خۆر بەبێژنگ بگرن. خۆ ئەگەر مێژوو نوسێکی وەك ((مەسعودی)) هەوڵیش بدا کورد بگەڕێنێتەوە سەر رەچەڵەکی رەبیعەی کوڕی نەزاری کوڕی مەعاد، بڵێ کورد لەئەسڵدا عەرەبن [iii]، یاخود گەردو تۆزی تایەفەگەری بەری چاوی شێخ محەمەدی کوڕی حەسەن تاریكو تنوك بکا بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لەکتێبی (وسائل الشیعە)دا بفەرموی ((یحرم النکاح من

الكرد لأنه عرف بأنهم من الجن)) واته ژنو ژنخوازی لەگەڵ کورددا حەرامە چونکە زانراوە ئەوانە لەجنۆکەن! ئەمجۆرە رایانە تەنها قسەی دوور لەزانستو رەگەزپەرستی تاکە کەسێنو گەلی عەرەبو خاوەن ویژدانانی، هەرگیز بەمجۆرە بوختانە کاڵو کرچانە رازی نین چونکە گەڕاندنەوەی نەژادی کورد بۆ سەر عەرەب یا کردنی بەجنۆکە لەبەرژەوەندی دەستەو تاقم دایە نەك نەتەوەی عەرەب. هەوڵدانێکە بۆ دروست کردنی کەلەبەر لەنێوان دوو نەتەوەی برادا، دەنا رۆشنبیرانی هەردو لا، چاك ئەو راستییە دەزانن کەوا لەبەرژەوەندی گەلی عەرەبدا نیە بەسەر کەللە سەری رۆڵەکانی کوردا سەرکەون، بەڵکو هاوخەباتی بناغەو مایەی بوژانەوەی هەردوولایە.

راستە لەشۆڕشی تەموزی (١٩٥٨)ەوە بۆ یەکەمجار لەعیراقدا گوترا عەرەبو کورد بەشدارن لەعیراقدا بەڵام لەوساوە هەر هەوڵێك بووبێ، لەباشترین باردا کاربەدەستان رایان گەیاندووە گوایە کورد لەسەر نیشتمانی عەرەب میوانە بەڵام تا بمێننەوە ئێمە رێزیان لێ دەنێین، ئەمە لەکوردستانی عیراقدا. لەپارچەکانی تری کوردستانیش هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندی تاقمی نەتەوە سەردەستەکە لەتورکیا باسی نەژادی کورد دەکا، گوایە لەتورکیا میللەتێك بەناوی کورد نیە، بەڵکو ئەوانە تورکی کێوینو دابڕاون).*

رژێمی شای گۆڕبەگۆڕیش لەئێراندا، زۆر بەئاسانی باری لێ دۆزیبۆوە کەوا کورد هەموو ئارین، بۆیە بۆ کورد رەوانیە لەگەڵ فارسی ئاریدا خۆیان جودا بکەنەوە. بۆ ئەمەش زۆر هەوڵیان دا بۆ گەڕاندنەوەی نەژادی کورد بۆ فارس. ئەوەبوو وەزارەتی رۆشنبیری سەردەمی شاهەنشاهی داوای لە رەشید یاسمی)) کرد کتێبێك لەسەر مێژووی کورد دابنێ، بەو مەبەستەی یەکێتی مێژوویان بسەلمێنێو بمانگەڕێنێتەوە سەر فارسی. لەسەر ئەم داخوازییە ((رەشید یاسمی)) کەوتە نووسینی کتێبەکەی بەناوی مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد. بۆ رەزامەندی رژێمی شا خۆی تووشی چەندین هەڵەو خۆ لەراستی لادان کرد تا بەبەڵگەی پڕوپووچ سەلماندی کورد لەنەژاد فارسن. خۆ رژێمی کۆنەپەرستی ئێستای ئێرانیش

* بۆ زیاتر ئاشنابوون بەفکری بەعسی دەربارەی کوردو نیشتمانی کورد بڕوانە راپۆرتی کۆنفرانسی (١١) مینی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

لەبەر بیری تەسکی تایەفەگەریان رازی نین کەس باسی کورد یابلوج یا عەرەب بکات.

هەوڵی ئەو رژێمانە بۆ بەعەرەب یا بەفارس یا تورك کردنی کورد ، هیچ کەلێنێکی لەراستی مەسەلەکە نەگۆڕیوەو لەپاڵ ئەواندا بیروڕاو نووسینی چەندین مێژوو نووسی بەئەمەکی ئەو نەتەوانە دەبینین کە لەپێناوی راستیو مێژوودا باسی ئێستاو رابردووی کوردیان کردووەو نەبە هەڕەشەو نەبە هاندای دەسەڵاتداران رازی نەبوون هەڵە تۆمارکەن.

ئەو تەقەلایانە بۆ نکۆڵی کردن لەنەژادی کورد هێندە کاڵوکرچن تەنانەت دەسەڵاتداران خۆشیان لێی دەکەونە گومانەوەو هەر لەزووەوە پەنایان بردۆتە بەر هۆنینەوەی نەخشەو پیلانی ستراتیژی، گەر هیچ نەبێ بۆ تەسك کردنەوەو لەقاڵبدانی کوردستان چ لەرێگای خاکو رووبەرەوەو چ لەرێگای قەومیو رەگەزەوە هەر رژێمێك هاتبێ، دوای هەوڵی ئەوەی پێش خۆی کەوتووە. رژێمی پارچە جیاجیاکانی کوردستان هەر لەکۆنەوە بەپێی چەندین پەیمانی وەك ((سەعد ئاباد)) بۆ ئەنجام دانی ئەم نەخشەیە کۆمەکیان بەیەك کردووە. هەر لەبەر ئەوە مەسەلەی سنووری کوردستان شایانی هەوڵو تەقەلایەکی زۆر بووە لەلایەن رژێمەوەو پارەو بودجەیەکی زۆرو ئاگرو ئاسنو تۆقاندنو شێوازی جیاجیاو زۆرو زەبەندی، بۆ تەرخان کردووە. هەر لەتەعریبو تەهجیرو تەبعیسەوە تا دەگاتە سەر شێواندنو حاشاکردن لەرەچەڵەکی کوردانەی هەندێ هۆزو تیرەی کورد کە لەسەر سنووری نێوان کوردستانو عەرەبستان دان، جا چ لەرێگای کڕینی سەرەك هۆزەکانەوە بێ، یا بەرێگای زەوت کردنو کڕینەوەی بەزۆری زەویو زاری چەندین ناوچەو نیشتەجێکردنی هۆزی عەرەب لەجێگاکان وەك ئەوەی لەشێخاندا کردیان- زەویو زارەکەیان بەزۆر لێ کڕینەوەو بەسەر هۆزو تیرەی عەرەبدا دابەشیان کردو هەمان جوتیاری خاوەن زەویش بەکرێکاری لەزەوییەکەی خۆیدا کاری پێ دەکرا.

لەمەڕ نکۆڵی کردن لەرەچەڵەکی کوردانەی هۆزو تیرە کوردەکانیشەوە عەشایەری برا یەزیدییەکانمان بوونەتە مایەی چاوتێبڕینو بەزۆربە عەرەب سەپاندنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بێ گوێ دانە مێژوو رووداوەکانی ئەو ناوچانەو تەنانەت بێ گوێ دانە سەرژمێری بیروڕاو قسەی خۆشیان. لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانین کەمێك تیشك بخەینە سەر مێژوو و ڕەچەڵەکی برا یەزیدییەکانمانو رۆڵی شۆڕشگێڕیان لەشۆڕشە کۆنو نوێکانی گەلەکەمان.

## ٢

## داگیرکەران

### چۆن تەماشای مێژووی گەلانی ژێردەستەیان دەکەن

گیروگرفتی گەلانی نیشتمان داگیرکراو تەنها ئەوە نیە خاکیان زەوت دەکرێو خێروبێریان بەتالان دەبرێو لاوانیان سوخرەو بێگاریان پێ دەکرێو بەزۆر رەوانەی بەرەی شەڕەناڕەواکانی داگیرکەران دەکرێن. جۆرە گیروگرفتێك هەیە مەترسی لەهەڕەشەی داگیرکردنە راستەوخۆکە کەمتر نیەو ئەویش لایەنی تەواوکەری ئەو داگیرکردنەیە پاشان دەست پێ دەکات.

ئەو گیروگرفتانەش تەقاندنی بیروباوەڕی داگیرکەرانو بڵاوکردنەوەی بەزۆری فەلسەفەی خۆیانە جا چ لەڕێگای ئاینەوە یاخود لەڕێگای کردنەوەی دانیشگاو قوتابخانەو دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤاری وابەستە بەخۆیانەوە بێت. ناپلیۆن تەنها بەسوپاکەی میسری داگیرنەکرد، بەڵکو دەیان زاناو لێکۆڵەرەوەو پسپۆڕی لەگەڵ خۆیدا بۆ میسر بردو لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی ئەو گەلە ژێر دەستەیە خستنیەگەڕ. ئەو لەپێناوی گۆڕینو شێواندنی مێژوو و کەلەپوری رەسەنی گەلی میسرو لەپێناوی گۆڕینی دابو دەستوورو تەنانەت بیربردنەوەی زمانی زگماكو چەسپاندنی: فەلسەفەو بیروباوەڕو هونەری خۆیان بەزۆر، پارەو خەڵکێکی زۆری خستەگەڕ.

ئەمە لەبواری سەپاندنی فەلسەفەو بیروباوەڕی داگیرکەران. سەبارەت بەشێواندنی نەژادو رەچەڵەکی نەتەوایەتیشەوە تا بۆیان کرابێ گەڕاندونیانەتەوە سەر خۆیان. گەر ئەوەشیان بۆ نەکرابێ مێژوەکەیان لێ شێواندوون سەروەریەکانیان لێ کردوون بەزەلیلیو شۆڕشەکانیان بەیاخی بوونو جەژنەکانیان بەسیحرو ئەفسانە لەقەڵەم داون. دژی هەموو دابو دەستورو رەوشتێکی ئەو گەلە چەوساوانە وەستاونەتەوە. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا سەرگەرمی هۆنینەوەی پیلانو ئاژاوە دەبن لەنێوان میللەتو رەگەزە جیاجیاکانی ئەو ناوچانەو بۆ هەر مەسەلەیەکی لەوبابەتە حیسابی وورد دەکەن. لەڕوانگەی ئەو دروشمە ئیمپریالیستیانەی کە دەڵێ ((جیاوازی بنێوە قازانج دەکەی، فرق تسد)) هەتا بۆیان لوابێ هانی ناکۆکی نێوان نەتەوەی جیاجیاشیان داوەو بەشەڕەکانی نێوانیان شاگەشکە بوون وبەڕێگای هەمەجۆر تەقەللای فراوان کردنی ئاگری شەڕو زیاتر لێك دابڕینی ئەو دوو نەتەوە یا هۆز یا شارەیان داوە.

فاشیەکانی ئیتاڵیا دوای داگیرکردنی لیبیا هەوڵێکی زۆریان بۆ لێك دابڕینی دوو نەتەوەی عەرەب و بەربەردا، بەڵام بێ هودە بوو. بە بەربەرەکانیان دەگوت: ئێوە لەنەژاددا ئەوروپایین و بەدەریادا پەڕیونەتەوە ئەم بەر، ڕەوا نیە پشتی عەرەب بگرن، کەچی بەخۆیان ڕەوا دەبینی بەعەرەب بڵێن: ئێمە هاتووین عیلم و مەعریفەتمان بۆ هێناون پێشتان دەخەین دەبوایە لەگەڵماندا بگونجێن؟

بەڵام نەهەوڵی ناپلیۆن بەخۆی و زانا کارزان و پسپۆڕەکانیەوە توانی گەلی عەرەب لەمیسردا بتوێنێتەوە، یاخود مێژووی بشێوێنێ. نەفاشیەکانی ئیتاڵیاش توانیان ئاگر لەبرایەتی بەربەرو عەرەب بەربدەن نەنازیەکانیش بەهەموو زەبرو زەنگیانەوە هیچیان لەگەڵ گەلانی ئەوروپادا بۆ چووە سەر.

لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەی داگیرکەران پێویستی یەکگرتن و هاوخەباتیەکی ستراتیژی لەنێوان گەلانی خاك داگیرکراوی ئازادیخوازی پێشکوتنخواز خۆی نیشان دەدا، تاکوو هەرچی توانا هەیە لەسەنگەرێکا بەیەکگرتوویی بەری ئەو شاڵاوە هەمە جۆرانەی داگیرکەرانی لێ بگیرێ.

گەلانی هاودەردی هەرناوچەیەك ئەم هەڵوێستانەیان گرتبێ، سەرکەوتنیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە. کاتێك هێزێکی دەرەکی هەڕەشە دەخاتە سەر وڵاتێك یەکێتی و کیانی دێنێتە لەرزین، گشت ئەو هێزو لایەنانەی خۆیان بە بەرپرسیاری مێژوو دەزانن و نایانەوێ دوا ڕۆژ نەفرەتیان لێ بکا لەڕوانگەی بارودۆخی نوێوە لەپێناوی ڕەتکردنەوەی ئەو هەڕەشەیە هەڵوێست وەردەگرن و هەموو هەنگاوێکیان لەپێناوی پاراستنی نیشتماندا یەکدەخەن ئەمە بەتایبەتی لەوڵاتێکی فرە چین و فرە نەتەوەو مەزهەبی وەك عیراقدا. خۆ ئەگەر ئەو لایەنە جیاجیایانە لەکاتی جەنگێکی دەرەکیدا ڕێك و تەبا نەبن ئەوا هەڕەشەی هەڵوەشان و پارچەپارچە بوونی وڵات وەك ڕۆژی ڕووناك دەردەکەوێ. ئەم حاڵەتەش لەمێژوودا نموونەی هەیە.

ئەگەر ئەمڕۆ عیراق لەمەترسی شاڵاوێکی بێگانەدایە هەڕەشە لەبوونی دەکرێ یەکێتی و هاوخەباتی نەتەوە جیاجیاکانی عیراق بەکوردو عەرەب و کەمینەکانەوە شورەی پۆڵایین دروست دەکا نەك نکۆڵی کردن و حاشاکردن لەنەژادو مافی ئەو نەتەوانە. تەبایی و برایەتی ئەو میللەتانەو دانانان بەیەکسانی نێوان مافی هاوڵاتیان و ئیعتراف کردن بەبوونیان و گەڕاندنەوەی مافی زەوت کراویان تاکە ڕیگای بەدیهێنانی بەرەیەکی ناوخۆی توندوتۆڵ دروست دەکات. نەك نەتەوەیەك سەردەست بێ و بەچاوی خۆ بەزل زانییەوە تەماشای

ئەوانەی تربکا سەرەڕای ماف خواردنیان حاشا لەبوونیشیان بکا.

مەسەلەی برا یەزیدیەکانمان ئێستاو پێشانیش یەکێك بووە لەو مەسەلانەی هەردەم هەوڵی نکۆڵی لەکورد بوونیان بۆ دراوە، بێ گوێدانە راستیو بەڵگە مێژووییەکانی ناوچەکانیان، خەڵکەکەی بەعەرەبو ناوچەکەش بەعەرەبستان لەقەڵەم بدرێ.

بۆ ئەمەش پەنا بۆ چەند بەڵگەو دیاردەیەکی لاواز براوە تەنانەت هەندێك جار خۆیان تووشی بوختانیش کردووە یەزیدیەکان بەعەرەب لەقەڵەم دەدەن، دەمێ بەبیانووی ئەوەی لەسەر تەریقەکەی عودەی کوڕی موسافرن جارێکیش بەگێڕاندنەوەی ئاینی یەزیدی بەزۆرو زۆرداری بۆ سەر ((یەزیدی کوڕی معاویە)) بێ ئەوەی تەنانەت گوێ بەوەش بدەن کەوا پێش چوونەکەی عودەی کوڕی موسافرو بڵاوبوونەوەی تەریقەکەی لەناوچەکەدا ئاینی یەزیدی لەناوچەی چیای شنگار هەر هەبووە کەئەمە باسێکە لەداهاتوودا بەدرێژی باسی دەکەین.

راستە مەسەلەی ئاییینی یەزیدی لەکوردستاندا بەهۆی شاڵاوو پەلاماری بەردەوام بۆ سەریو بەهۆی ئاڵۆزی شەعائرەکانیو مەترسی لەدەربڕینو بڵاوکردنەوەی لەبەر ئەوەی بەردەوام لەلایەن ئاینو نەتەوەو دەوڵەتەکانی تری وەك عەبباسیو عوسمانیو هێرشەکانی ئێلخانی مەغۆلیو تەتەرەکانەوە تووشی چەندین شەڕی لابەلاو قەتڵو عام بەناوی غەزاوەو دەربەدەری بوونو چەندین جاریش ناچاربوون لەبەر درندایەتی هێرشەکانی سەریان بۆ ماوەیەك وا راگەیەنن کە وازیان لەئاینەکەیان هێناوە، بەڵام هێندەی نەبردووە جارێکی تر گەڕاونەتەوە سەریو پەیڕەویان کردۆتەوە. بێگومان لەم گەڕانەوانەدا هەندێ بیروڕاو موعتەقەداتی نوێش خراوەتە ناو ئاینی یەزیدییەوە کە ئەمە بووەتە مایەی بەهانەی هەندێ کەس بەوان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر نەژادی عەرەب بەزۆر.

ئەو شەڕو پەلامارە بەردەوامانە بۆ سەر ناوچەی شنگارو شێخان هەرگیز نەبۆتە مایەی چۆڵ کردنی ناوچەکەو کوردەکانی ئەوێ هەر لەسەرەتاوە دەست بەرداری ئەو خاکە نەبوونو جێیان نەهێشتووە بەڵکە هەر لەدێرزەمانەوە کە لەپێدەشتەکان مانەوەیان بۆ نەکراوە، روویان کردۆتە چیای شنگارو شەڕی درێژخایەنیان ئەنجام داوە. جاری واهەبووە چەند ساڵێکی خایاندووە. بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەوە، باشترە هەندێ تیشك بخەینە سەر میری ناوچەی شنگارو شێخان هەر لەکۆنەوە تا ئێستا.

## ٣

## ئاورێك لەمێژووی ناوچەی شنگارو شێخان

چیای شنگار تاکە بەرزاییەکە لەناوچەیەکی دەشتاییو بیابانی ئەوتۆدا کەئەو ناوچەیەی کردۆتە مەڵبەندێکی سەربازی ستراتیژی ئەوتۆ بەڕادەیەك، هەر لەشەڕوشۆڕەکانی پێشانەوە هەرچی چیاکەی بە دەستەوە بووبێ، خاوەنی پێدەشتەکانی خوارەوەشی بووە.

هەر لەسەردەمی ئاشووریو حەیسیو میتانیو کلدانیەکانەوە تا دەگاتە سەردەمی فارسو رۆم، ئەم ناوچەیە مەیدانی شەڕوپێکدا دانێکی بێ ئامان بوو. لەنزیکەی ناوەڕاستی دووهەزار ساڵ پێش زایین ناوچەی شنگار بوو بەبەشێك لە (دەوڵەتی میتانی) کە پایتەختەکەی لەسەر رووباری خاپوری سەروو بوو. پاشان ئاشوریەکان کە مرخیان لەدەشتی بەپیتو بەرەکەتی ناوچەکە خۆش کردبوو، داگیریان کردو ئاوەدانی خۆیان لێ دامەزراند.

پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشوری لەساڵی (٦١٢) لەسەردەستی (مادەکان). ئەو ناوچەیە بووە موڵکی خۆیان. پاشان دوای چەند شەڕوشۆڕێك، رۆمانییەکان چیای شنگاریان داگیرکرد. بەم شێوەیە ناوچەکە تا پەیدابوونی دەوڵەتی ئەمەوی کەوتە ژێردەستی چەندین دەوڵەتو ئیمپراتۆریەت[٤].

پاش پەیدا بوونی ئاینی ئیسلامو هێرشەکانی باشوورو ناوەڕاستی عیراقو دوا بەدوای ئەوە کوردستان، هەندێ لەهۆزەکانی ناوچەی شنگار هاتنە سەر ئاینی ئیسلام، ئەوانی تریش لەچیای شنگاردا بەرەنگاریان کردو لەسەر ئاینی یەزیدی خۆیان مانەوە. بەڵام وەك ناوچەکانی تری کوردستان کەوتەناو دەوڵەتی ئیسلامیەوە. (ئیبن بەتووتە) کە لەنێوان ساڵانی (١٣٠٣-١٣٧٧)ی زاینی ژیاوە لەگەشتەکەیدا بۆ ناوچەی شنگار دەڵێ: ((پاشان گەیشتینە شاری شنگار کە شارێکی فرە مێوەو دارودرەختەو سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بەشێوەیەك لەدیمەشق دەچێ)) ئنجا دەڵێ: ((خەڵکی شنگار کوردنو دەست بڵاوو ئازان))[٥]. ئەمە بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگە، نیشانی دەدا لەسەدەی چواردەهەم دا کێ بوون ئەوانەی لەسەر خاکی ئەو ناوچەیە ژیاونو خاوەنی بوون.

ناوچەی شنگار بەم حاڵە مایەوە تا هێرشەکەی مەغۆلیان، کە دواهەمینیان ئەوەی تەیموری لەنگ بوو

لەساڵی (١٤٠١)و (١٤٠٢) زاینیی‌دا بۆسەر کوردستان، کە تێیدا تووشی بەرگریو شکستی‌یەکی ئەوتۆ بوو لەتەواوی هێرشو پەلامارەکانی ناوچەو نەتەوەکانی تر تووشی نەهاتوون. لەکاتێکا تەیموری لەنگ لەشاری بەغدادا (١٢٠) تەپۆڵکەو گردی لەکەللەسەری خەڵکەکە دروست کرد، لەکوردستانداو لەچیا سەرکەشەکانەوە لەئەنجامی بەرگری قارەمانانەی خەڵکەکە پاشەوپاش کشابوونەوە[٦]. ئەم تێ شکانەی تەیموری لەنگ بەرامبەر بەکورد هەمان تێ شکانی باپیرانی بوو (جەنگیزخانو هۆلاکۆ) کە ئەوانیش لەهەموو هێرشەکانیان نەیانتوانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان داگیر بکەن. ئەمە وایکردبوو ترسێکی زۆر لەدڵی مەغۆلیەکان بەرامبەر بەکورد پەیدا ببێ[٧] لەهێرشەکەی تەیموری لەنگ بۆ سەر ناوچەی شێخان دەگێڕنەوە (٤٠٠) خێزانی کوردە یەزیدیەکانی ناوچەی شێخان روویان لەچیاکانی شنگار کرد. پاشان خەڵکێکی زۆر لەیەزیدیانی جزیرەو دیاربەکرو حەوزی دیجلەو بتلیسو ناوچەی تر روویان لەشنگار کرد)[٨].

ئەم شەڕو پەلاماردانە وایان لەکوردە یەزیدیەکان کرد دەربارەی ئاینەکەیان هیچ شتێ لەسەر کاغەز تۆمار نەکەن. تەنانەت شێخو مریدەکانیشیان دەربارەی ئەو ئاینە هیچ بەکەس نەڵێن. بۆیە هەرچی هەبوو لەسنگی خۆیاندا هێشتیانەوە کەپێی دەڵێن (خودان ناسین گی) بێگومان هەر ئاینو بیروباوەڕێکیش ئەگەر نەنووسرێتەوە بەدەماوەدەمی تووشی زۆر کەمیوکوڕیو لابردنو گۆڕینو زیادکردنیش دەبێ بەگوێرەی هەوەسو تواناو شەپۆلەکانی هاتونەهاتی، مێژووی خەڵکی ناوچەکە. ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانەی کوردستان مەیدانی پێکدادانو کێشەی میرنیشینو دەوڵەتە ئیسلامی‌یە جیاجیاکان بووە. چەند دەسەڵاتدارو والیەك بەناوی جیهادەوە گوایە لەپێناوی خوادا شمشێریان بەڕووی کوردەکانی ئەو ناوچەیەدا هەڵکێشاوەو شەڕی یەك لەدوای یەکیان دژی یەزیدیەکان کردووە. بەمەش چەندین جار تووشی تاڵانو ماڵ وێرانی هاتوون. بەڵام هەرگیز کورد ئەو ناوچەیەی چۆڵ نەکردووە- بەڵام کە چاریان نەماوە، ئیسلامەتی خۆیان راگەیاندووە بۆ ماوەیەك تا خەتەرەکە لا چوو. پاشان چوونەتەوە سەر ئاینی خۆیان. بەم هاتو چوونە لەدیانەتدا ئاینی یەزیدی تووشی چەند زیادیو کەمێك هات تا بەو شێوەیەی لێ هات کە ئێستا دەیبینین[٩].

سەرەڕای ئەم هێرشانە ناوچەکانی شنگارو شێخان، چەند جارێ بوونەتە مەیدانی شەڕو پێکدادانە ناوخۆییەکان لەنێوان هۆزو تیرەو ئیمارەتەکانی کوردستان، یەکێ لەوانە هێرشەکەی (علی سیدی بەگ)ە کەمیرێکی ئیمارەتی بۆتان بوو. سالّی ٩٩٣ی کۆچی پەلاماری هۆزەکانی ناوچەکەیدا بەبیانووی باج وپیتاکەوە بۆ ئیمارەتی بۆتان لەکاتێکا ئەو هۆزوتیرە کوردانە خۆیان سەربە بۆتان نەدەزانی. بەلاّم بەم هێرشە گەڕێندرانەوە سەربۆتان پاش ئەم هێرشانە والی دەوڵەتی عوسمانی لەدیاربەکر کەناوی (مەلیك ئەحمەد پاشا) بوو- هەروەك مامۆستا ئەمین زەکی لەکتێبە بەنرخەکەیدا دەڵێ ((ئەم کابرایە یەکێ بوو لەسیاسەت مەدارانی تورکیاو هەرگیز ئەو هەلەی لەکیس خۆی نەدەدا، کەوا هێرش‌و پەلامار بەرێتە سەر میرنشینە کوردەکانی ناوچەکە بەمەبەستی رێگرتن لەگەشەکردن‌و فراوان بوونیان)). بۆ ئەم مەبەستەش لەسالّی ١٠٤٨ی زاینی بەلەشکرێکی هەشت هەزار کەسیەوە هێرشێکی دڕندانەی بردە سەر کوردەکانی ناوچەکەو (١٣) هەزار کەسی لێ کوشتن.

بەلاّم بەم هێرشەش داگیرکەری عوسمانی نەیتوانی جێگا بەخەڵکی ناوچەکە چۆڵ بکا یاخود چۆکیان پێ دادا بەڵکو جارێکی تر لەچیاکانەوە شەڕی بەرگرییان درێژە پێ داو سەری بەرزیان بۆ شۆڕ نەکردن‌و بەرامبەر سەربازە دڕندەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راوەستانەوەو ئەو راستی‌یەیان سەلماندەوە کەوا کوردەکانی ناوچەی شنگار نەکۆن‌و نەتازە، سەریان بۆ هیچ دەسەلاّتێك شۆڕ نەکردووە[١٠].

ئەم هێرشانەو هێرشەکانی تری عوسمانیەکانی بۆ سەر ناوچە جیاجیاکان ئیمپراتۆریەتی گەیاندە ئەو ئەنجامەی کەوا کوردستان دابەش بکاو پارچە پارچەی بکا تاوەکوو بەئاسانی دەستی بەسەرا بگرێ. بۆ ئەمەش کوردستانی کرد بەم بەشانەوە:

١-وولاّتی (گوایتم) کە کوردستانی باکوور دەگرێتەوە تا سنووری لای فارسەکان‌و خستیە سەر پاشای بەغدا.

٢-پاشایەتی‌ی دیاربەکر لەباکورو رۆژئاوای دیجلەوە تاکوو ناوچەی یەزیدیەکان لەشنگار.

٣-پاشایەتی‌ی ئەرزڕۆم پێکهاتبوو لەویلایەتی ترابزون‌و سیڤان[١١].

## ٤

## پەیوەندیی ئایینی یەزیدی بەئایینە کۆنەکانی تری کوردستانەوە

بۆ ئەوەی زیاتر لەبنچینەی ئاینی برا یەزیدییەکانمان تێ بگەین، پێویستە هەمیشە چاوێك بە سەرجەمی ئاینەکانی پێشینەی کوردستاندا بگێڕین. بەتایبەتی ئاینی زەردەشتی کە بۆ ماوەی (١١) سەدە لەکوردستاندا بڵاو بوو. لەساڵی (٥٢٠ پێش زاینی)ەوە تا (٦٢٤ زاینی) هەر لەکوردستانەوە تا هیندستانی گرتەوە.

زەردەشت لەناوچەی ورمێی کوردستانی ئێران لەدایك بووە لەتەمەنی (٣٠) ساڵیدا ئاینەکەی بڵاوکردەوە کتێبەکەی کەناوی ئاڤێستایە لەسەر دوازدە هەزار پارچە پێستی ئاژەڵ نووسرایەوە. ئاینی زەردەشت توانی بەزوویی بەناو هۆزوتیرەی ناوچەکەدا بڵاوبێتەوە، ئەوەبوو بەوڵاتی فارسدا تێپەڕیو گەیشتە هیندستانو ملیۆنان کەس دوای کەوتنو پەیڕەویان کرد.

ئەسکەندەری مەکدۆنی لەهێرشەکەیدا بۆ سەر کوردستان بەشی زۆری نووسراوەکانی ئاڤێستای سووتاند، بەڵام پاش پەیدابوونی ئاینی ئیسلامی ئەوەی مابووەوە دۆزرایەوە، دوایی گۆڕدرایە سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان.

بەپەیدابوونی ئاینی ئیسلام مەودای ئاینی زەردەشت تەسك بوەوە، لەهەندێ ناوچەی کوردستانو فارسو هندستان نەبێ، نەمایەوە. بەڵام زۆر لەوانەی چوونە ناو ئاینی ئیسلام هەر لەسەدەکانی یەکەمینی ئیسلامەوە گەڕانەوە سەر ئاینی خۆیان.

بەپێی بیروباوەڕی ئاینی زەردەشت دوو هێز حوکمی جیهان دەکەن: هێزی چاکەو هێزی خراپە- ئەمەش بنچینەی هەردوو ئاینی زەردەشتو یەزیدیانە- هێزی چاکە لەخوای (ئاهورامەزدا)دا خۆی دەنوێنێ کەکانگای چاکەو ڕۆشناییو جوانیو تەندروستی بێتو هەرزانییە. خوایخراپەش لە (ئەهریمەن)دا خۆی دەنوێنی کەکانگای خراپەو تاریکیو نەخۆشیو مردنو هەژاریو درۆو ریاییو هەموو خراپەکانە. ئەم دوو هێزانە هەریەکەیان دەیەوێ مرۆڤ بەلای خۆیدا رابکێشێ. هەرکەسێ دوای کرداری چاکە بکەوێو خۆی لەخراپە پاك بکاتەوە، خوای خراپە ریسواو خۆی شایانی پاداشت لەئاهورامەزدا دەکا. خۆئەگەر بەپێچەوانەشەوە هەر

خەریکی کاری بەدبێ، ئەوا گیانی خراپەکاری بەسەر خۆیدا زاڵو خوای چاکەش لەخۆی رەنجاو دەکا.

بۆیە زەردەشت پێغەمبەر لەسەر هەر مرۆڤێك پێویستی کرد، هەوڵ بدا چاکە بکات، زەوی‌و زار بکێڵێ‌و پاراوی بکاو رەنێوی بێنێ، لەبیرکردنەوەو گوفتاردا راستگۆ بێ، خۆی لەدزی‌و گاڵتە بەخەڵك کردنەوە دوورخا بیروباوەڕو ئاینی چەوت بڵاو نەکاتەوە.

بەدیدی ئاینی زەردەشت، چاکترین کار (ئاهورامەزدا) کردبێتی دروست کردنی خۆرە بۆیە دایانناوە بەدروشمی ئاهورامەزدا، ئاگریش چونکە لەسیفەتەکانی‌دا بەخۆر دەچێ، ئەویش پیرۆزە.

دروشمی خوای خراپەش بریتی بوو لەباڵندەیەکی دڕ وەك هەڵۆو مارێکی بەدەمەوەیە وێنەی ئەو هەڵۆو مارە لەپەرستگای (لالەش)ی یەزیدیەکان بەدی دەکرێ. لەقەڵای ئامێدیش لەسەر دەرگای رۆژئاوا نیگاری خۆر لەسەر پارچەیەك مەڕمەڕ هەڵکەنراوە، لەسەر دەرگای رۆژهەڵاتیش نیگاری ئەو باڵندەو مارە، کە دروشمی ئاینی ئەهریمەنی خوای شەڕە بەرچاو دەکەوێ.

بەم پێیە زۆر نزیکە (مەلەك تاوس)ی دروشمی ئێزیدی‌یەکان هەمان ئەو باڵندەیە بێ، وردە وردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، تا شێوەی ئەو باڵندەیەی وەرگرتووە کە ئێستا پێی دەڵێن مەلەك تاوس.

لەئاینی زەردەشت دا دوو ژیان هەیە. ژیانی سەر دنیاو ژیانی ئەودیو. بەشی هەرکەسێ لەژیانی ئەودنیا لەسەر بڕی ئەو کردارە چاکانە وەستاوە کەلەژیانی سەردنیادا کردوونی. تاوەکو بەندە لەڕێگای راست لانەدا پێویستە شوێن پیاوچاکان بکەوێ، پشتیان پێ ببەستێ، تاوەکوو بەیارمەتیان بتوانێ بەسەر خوای خراپەدا زاڵ بێ.

زەردەشت فەرمانی پەیڕەوکەرانی‌دا ئاگر بپەرستن کە تاکە هێزی پاك‌و بێگەردی سەرزەمینە. تاریکی ڕاودەنێ، جنۆکەو خێویش دەڕەوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش جێگاو ماڵی تایبەتیان بۆ ئاگرو ئاگردان دروست کرد، کەساڵ دوانزەی مانگ پاسەوانی‌ی لێ دەکراو قوربانیان بۆ دەبرد، بەهیوای ئەوەی ئەم گڕە هەمیشە داگیرساوە هەندێ پاك‌و بێگەردی خۆییان پێ ببەخشێ.

ئەمە ئاینی زەردەشتی بوو بەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ چۆن ئاینی یەزیدی درێژە پێ دراوو بەردەوامی ئەم ئاینەیەو بەتێکەڵ بوونی لەگەڵ هەندێ لەبیروباوەڕی ئاینی ئیسلام ئەم شێوەیەی ئێستای وەرگرتووە.

١-هەردوو ئاینی زەردەشتو یەزیدی، باوەڕیان بەدوو خوا هەیە. یەکەمیان خوای چاکە ئەوی تریشیان هی خراپەیە. ئاینی یەزیدی لەوەدا جیایە دوای خوای خراپە دەکەون بەهیوای ئەوەی لێیان نەڕەنجێ. ئەوان دەڵێن خوای چاکە خۆی بەخشندەو لێ بووردوە، پێویست بە پەرستن ناکات بۆیە واچاکە هەوڵ لەگەڵ یەزدانی خراپەدا بدرێ تاکوو لەبەڵاو بەدکاری خۆمان بەدوور کات. بەمەش لەئاینی (مانی) دەچێ کەکاتی خۆی ئاینی زەردەشتی لەوەدا لەگەڵی جیاواز وەستا.

٢-هەردوو ئاینەکە لەمەڕ مەسەلەی گواستنەوەی گیان لەگیاندارێکەوە بۆ یەکێکی تر (تناسخ الأرواح) وەك یەك وان. ئەم گیان گواستنەوەیەش لەسەر کردارو ڕەفتاری مردووەکە وەستاوە. ئاینی یەزیدی لەوبارەیەوە دەڵێ، گیان چاکوو خراپی هەیە گیانە چاکەکان لەدوای ئەوەی ئەرکی خۆیان لەدنیای یەکەم ئەنجام دەدەن دەگوازرێنەوە بۆ یەکێ لەپیاوچاکانو پێغەمبەران، پاشان بەرزدەبێتەوە بۆ بەهەشتی باڵاو لەجێگای تەرخان کراوی خۆیدا ئۆقرە دەگرێ. گیانە بەدەکانیش دەچنە جەستەی گیانداری بێ زمانی پیسو ژێربارو چەقۆلەسەر تاکوو پاداشتی خۆیان وەرگرن. ئنجا چەند جارێ دێنەوە سەر دنیا بەڵکو ئەگەر توانیان گوناهەکانی خۆیان پاك بکەنەوە ئینجا هەڵبکێشرێن بۆ ئاسمان. پاداشتی خراپەکاری لەئاینی یەزیدیدا تەنها بەوە نیە گیانی خراپەکار بچێتە لەشی گیاندارانی بەدەوە، بەڵکو دۆزەخیش هەیە کە ئەوپەڕی ئازارو ئەشکەنجەی تێدایە.

٣-ئاگر لای یەزیدیان هەروەك لای زەردەشتیان پیرۆزو پڕ ڕێزە. هەرچەندە یەزیدیەکان جێگای تایبەتی بۆ ئاگر دروست ناکەن بەڵام قەندیلو مۆم لەسەر گۆڕی شێخو پیرو ئیمامەکانیان بەدرێژایی ساڵ داگیرساوە. جەژنانیش لەماڵەکانیاندا ئاگرو مۆم دادەگیرسێنن.

٤-پیرۆزی ڕۆژو نوێژ بۆکردنی. چوار نوێژ لەئاینی یەزیدیدا هەیە کە هەمووی بەکوردین.

١-(نوێژی سپێدی) کە هەر لەمناڵەوە تاکوو پیر، دەیکەنو زۆر پیرۆزە لایان.

٢-نوێژی ڕۆژهەڵات (ئیشراق).

٣-نوێژی مردووان.

٤-دوعای پاش نوێژەکان کە کۆتاییەکەی ئەمەیە:

(شرف الدين غرزی گلی مزگێنی پێ ببنێ کردستانێ بلاڤکن دفترا ایمانێ شیشمس روژا ایزیدییانه شرف الدين میرەل دیوانه.

شیلییغا بکتن کردستانی وی توبان بردتن تورکستانی تختی راکتن کردستانێ قداوی بکڤت مالا عربستانێ).

بەشێوەی کرمانجی‌یە ژووروووەکەی ئاوایە:

ئەی شەرەفەدین غەرزی گولی، مزگێنی بێنە بۆ کوردستان. دەفتەری ئیمان بڵاوبکەنەوە، شێخ شەمس رۆژی یەزیدیانە، شەرەفەدین میرە لەدیوانە.

تا کوردستان بەدوایان کەوێ تۆپەکان بەرداتە تورکستان، تەختیش بێنێ بۆ کوردستان، بەڵاش بەرێتەماڵی عەرەبستان.

ئەمەو زۆر لێکچوونی تر تەنانەت رۆژی چوارشەممە لای یەزیدی‌یەکان، رۆژی پیرۆزی هەفتەیە نەك هەینی، چونکە پێیان وایە زەردەشت لەرۆژی چوارشەممەدا لەدایك بووە. هەر ئەم پیرۆزی‌یەی کەوا تائێستا لەناو کوردە موسوڵمانەکانیش ماوە. چوارشەممە رۆژێکی پیرۆزە، ژن‌و ژنخوازی تێدا چاکەو خەڵکی سەری مردووانی تێدا دەدەن.

((ئەم هاوبەشی‌یەی ئاینی برا یەزیدی‌یەکان لەگەڵ زەردەشتی‌دا نە لەخۆڕاو نە بەرێکەوتیشەوە. بەڵکو ئەمە لەبنچینەکانی ئاینەکەیانە بەرلەئیسلام[12]))

ئەمەش هەندێك لەئاینەکانی تری ئەو سەردەمەی کوردستانە کە هەریەکەیان پەیوەندی‌یان بەئاینی یەزیدی‌یەوە هەیە.

ئاینی بەرهەمی: یەکێکە لەئاینە بڵاوەکانی چەرخە زووەکان. لەوڵاتی هیندەوە پەیدا بوو تا گەیشتە کوردستان. هێزە سروشتی‌یەکانی لا پیرۆزو هانی خەڵکی دەدا بۆ کۆڵدان لەهەواو هەوەس‌و خراپەکاری.

بۆهەر دیاردەیەك خوایەك هەیە کەپێیان وابوو ئەو خوایە دیاردەکەی دروست کردووە. وەك خوای باران، خوای ئاگرو زەوی‌و شینایی‌و شتی تر.

پاشان خوای ئاگر هێندە پیرۆز بوو تاوای لێهات (بەرهەمی‌یەکان) پێیان وابوو هەموو شتێك لەخوای ئاگرەوە دروست دەبێ.

دەربارەی گواستنەوەی گیان، گیانی چاکەکاران دەگوازرێتەوە جەستەی گیاندارێکی چاك‌و بێ زیان، یاخود دەڕواتەوە بۆ ئاسمان.

رۆژکە سەرچاوەی گەرمایە لایان زۆر پیرۆز بوو. گەلێك ناویان لێ نابوو لەوانە (سوریا). بەرامبەری رادەوەستان‌و دوعایان دەخوێند. بەپێی یاساکانی (بەرهەمی) خەڵك بۆسەر چوارچینی سەرەکی دابەش دەکران. چینەکانی ژێرەوە لەخزمەتی ئەوانەی سەرەوەدا بوون.

ئەم جیاوازی دروست کردن‌و لێك دابڕان‌و سنوور دانانە لەنێوان چینەکان‌و سەپاندنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا کۆت‌و پێوەندێکی زۆری گرتە دەست‌و پێی خەڵکەکەوە. هەر

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕێگا لەگەشەکردنو تەنانەت مانەوەشی بگرێت.

ئاینی یەزیدی لەوەدا لەبەرهەمیٚ دەچیٚ، کەوا خەڵکەکەی دابەش کراون بەسەر چینی جیاجیادا کە ئەمانەن:

((میر، شێخ، پیر، فەقیر، قەواڵ، کوجەك، مرید))

هەروەها لەهەردوو ئاینەکەدا پەرستراوێك هەیە. لەبەرهەمیدا (براهما)و لای یەزیدی‌یەکانیش (مەلەك تاوس)

ئاینی مانی: یەکێکە لەئاینەکانی ناوچەی کوردستانو ئێران ئەویش باوەڕی بەبوونی دوو خوا هەیە. (مانی) کابرایەکی بابلی بوو لە (مەدائن) لەساڵی (٢٤٠ی زایینی)دا لەدایك بووە. ئەم ئاینە لەسنوورێکی تەسکدا بڵاوبووەوە. لەهەندیٚ شوێندا جێگای زەردەشتی گرتەوە. بەڵام زۆر نەژیا ئەوە بووبە پەیدابوونی ئیسلام لەکوردستاندا بەشێکی کەمی نەبیٚ، نەما. یەکیٚ لەهۆکانی لەناوچوونی ئەم ئاینە ئەوەبوو کە لەکاتێکدا باوەڕی بەدوو خواهەبوو پیٚی وابوو دنیا دنیای خراپەیەو خراپەکاری لەجیهانا زاڵە بۆیە پێویستە ژنو ژنخوازی نەکریٚ تاوەکوو هەرچی زووە مرۆڤ لەناوچیٚو رزگاری ببیٚ. سەرەڕای ئەمە نوێژو ڕۆژوێکی زۆری بەسەر خەڵکەکەدا سەپاند هەر ئەم هۆیانە بوو کەوای کرد زوو لەناوبچیٚ.

ئاینی یەزیدی لەوەدا لەگەڵ (مانی) جیایە کەوا نوێژو رۆژووی لەسەر خەڵك زۆرکەم کردۆتەوە- شایانی باسە رۆژوو لەئاینی زەردەشتی‌دا نەبوو، یەزیدی‌یەکان دەڵێن: ئێمە ئۆمەتێکی جەنگاوەرین، ئەرکی ژیانو رەنجدان رێگا بەتەمبەڵیو خاویمان نادا.

ئاینی مەزدەکی: ساڵی (٤٨٧) لەلایەن (مەزدەك)ەوە پەیدا بوو لەپێشا زۆر دژایەتی کرا بەشێوەیەك "قوباد"ی پاشای ساسانیەکان لەبەرئەوەی چووە سەر ئاینەکەی، لەسەر حوکم لادراو زیندانی کرا. بەڵام پاش ماوەیەك وردە وردە خەڵکەکە لەمەزدەك نزیك کەوتنەوەو باوەڕیان پیٚ هێناو شاقوبادیشیان لەزیندان هێنایە دەرەوە.

ئاینی مەزدەکی ئەگەرچی زۆر بەئاینەکانی تر دەچیٚ، بەتایبەتی (مانی) بەڵام لەوەدا جیایە کەوا شێوە ژیانێکی سۆشیالیستانەی تێدا بوو دەیگوت (خەڵکی هەموو وەك یەك لەدایك بوون، دەبا وەك یەکیش بژین) ئەو یەکسانیەش لەماڵو ئافرەت بۆ هەمووان بوو.

ئاینی مەزدەکی لەباوەڕ بەبوونی دوو خوای چاکەو خراپە بەئاینی یەزیدی دەچیٚ.

ئەمانە هەندێك لەئاینە دێرینەکانی کوردستانە کە بەر لەچەند هەزار ساڵێك هەبوون. بڕی پێك چوونیان لەناویەكو پێکچوونی هەریەکەیان لەئاینی یەزیدی بەڵگەیەکن بۆ

تەمەنی پەیدابوونی ئاینی یەزیدیو دەریدەخەن کە ئەم ئاینە تەمەنی هەزاران ساڵەو بیروڕاکانی لەهی ئەوان جیانیە بەتایبەتی ئاینی زەردەشت.

بۆیە هەر هەوڵێك بۆ دابڕینی ئاینی یەزیدی لەمێژووی پەیدابوونو گەشەکردنیو بەزۆرکردنی بەئاینێك کەوا لەدوای پەیدابوونی ئیسلامەوە پەیدا بووە هەڵەیەکی زەقەو چەندین پرسیار لەپاش خۆی بەبێ وەڵام جێ دەهێڵێ. وەك: ئایا مەسەلەی بوونی دوو خوا لەکوێوە هات؟ ئایا پیرۆزی ڕۆژوو ئاگرو گواستنەوەی گیان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی ترو دابەش کردنی خەڵك بەسەر چەند چینێکی جیاوازو گەلێ شتی تر کە هیچیان لەئیسلامدا نینو لەو ئاینانەی ترا هەن لەکوێوە هاتوون.

ئەی ئەگەر لەکتێبە پیرۆزەکەی ئاینەکەدا هەبێ بڵێ: (خوا بەزمانی کوردی قسە لەگەڵماندا دەکاو حەشرونەشرمان دەکا) مانای ئەوەیە ئەو خەڵکە عەرەبن؟ ئەگەر برا یەزیدیەکان عەرەبن، ئەی بۆ نوێژیان بەکوردیەو خواش کاتێ دادەبەزێت بۆلایان بەکوردی لەگەڵیاندا دەدوێ.

ئەمانە راستیە مێژووییەکانی برا یەزیدیو ئاینەکەیانە. هەر هەوڵێکیش بۆ لەکەدارکردنو شێواندنی مێژووی خۆیانو ئاینەکەیان، وەك دەنکە تەرزەیەك وایە بکەوێتە ناو بڵێسەی دارستانێکی ئاگراویەوە.

ئاینی یەزیدی لەناو کوردا پەیدا بوو یا لەناو عەرەب؟

کەم مەسەلە هەیە وەك مەسەلەی یەزیدیەکان بەشێوەی جیاجیاو بەهەوەسی تاکەکەسو دەستەو تاقم رای جۆراوجۆرو دوور لەڕاستیو دژبەیەك دەربارەی دەربڕابێت، چ لەڕووی ئاینیەوەو چ لەڕووی رەچەڵەکەوە. جار هەیە دەیانگێڕنەوە سەر رەچەڵەکی ئەوتۆ کە نەك پشت ئەستوور بەهیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نیە، بەڵکو لۆژیکیش قبوڵی ناکا، وەك ئەو رایەی دەیانگێڕێتەوە سەر نەژادی (یەزیدی کوڕی ئەنەسی خارجی) کە ئەویش کابرایەکە لەخەوارجەکان.

ئەوەی دەیسەلمێنێ ئەم رایە هەڵەیەکی گەلێ زەقە ئەوەیە بیروباوەڕی خەوارجەکان بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ناوەڕۆکی ئاینی یەزیدیدا ناگونجێ. بۆنمونە ئاینی یەزیدی باوەڕی بەگیان گواستنەوە هەیە (تناسخ الارواح) ڕۆژو ئاگریان لا پیرۆزەو نوێژی بۆ دەکەن- لەکاتێکا خەوارج بەهیچ شێوەیەك بەلای ئەم شتانەدا ناچێ. ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە تاکوو ئێستا رایەك یا بەڵگەیەك نیە باسی ئەوەبکا (یەزیدی کوڕی ئەنەس) نەك ئەم جۆرە بیروڕایانەی بڵاوکردبێتەوە، بەڵکە هیچ

جۆره بیروڕایەکی بڵاوکردبێتەوەو خەڵکی دوای کەوتبن، بۆیە خاوەنی ئەم رایە پووچە، رەنگە تەنها لەبەر ئەوەبێ یەزیدی کوڕی ئەنەس ناوەکەی بەناوی یەزیدیەکان دەچێت. بەڵام خۆ هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزاغانیە.

لەچەرخی دووهەمو سێهەمی ئیسلامدا بنەماڵەیەك هەبوو بەناوی (یەزیدی) نەپەیوەندیان بەیەزیدی کوڕی معاویەوە هەبوو نە بەئاینی یەزیدیەوەو نەکەسیش تاکوو ئێستا لەسەر هیچ کام لەم دوو لایەنەی حسابی بۆ کردوون. هەروەك باسمان کرد راستە شێخو سەرکردەکانی یەزیدیەکان هەر لەشێخ عودەیەوە تاشێخ حەسەن عەرەبی ساغو سەلیم بوون، ئەمەوی بوونو لەبنەماڵەی مەروانی کوڕی حەکەمی چوارەم، خەلیفەی ئەمەویەکان بوون.

بەڵام بۆ دەبێ دەروێشو موریدەکانیشیان لەسەر هەمان رەچەڵەك بنو ئەوانیش نەوەی خەلیفە مەروان بن؟

رایەکی سەیرتر هەیە لەسەر رەچەڵەکی برا یەزیدیەکان گوایە لەنەژاددا دەگەڕێنەوە سەر ئاشوری، یا کلدانیەکان. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەك بەدەست خاوەنی ئەم رایەوە نیە، پێویست بەوەڵام دانەوە ناکات.

ئەم هەوڵانە هەموو لەبەرامبەر راستیەکدا رووزەرد دەبنەوە، ئەویش بوونی ناوی (یەزیدی)یە بەر لەهاتنەکەی شێخ عودەی بۆ ناوچەی هەکارو پێش ئەوەی خەڵکەکە بە تەریقەکەی ئاشنا بن.

ئەمەش بیروڕای هەندێ لە مێژوونووسانە لەم بارەیەوە.

"صديق الدملوجی"ی مێژوونووس لەکتێبی "اليزيديه"دا دەڵێ (ئەو راستیەی قسەی لەسەرنیە لەدایك بوونی ئاینی یەزیدیە لەشێخانداو لەدایكو باوکێکی زەردەشتی. ئسلامەتی هەوڵیدا لەئاگرپەرستی رزگاری بکات، بەڵام هەندەی پێ نەچوو گەڕایەوە سەر رەوتی جارانی. ئەوەش لەبەر لەدەستدانی پێشڕەوانیو کەوتنی دەسەڵات بەدەستی خەڵکانێ کەنەیانتوانی پەیڕەوەکە بەردەوام کەن). ئەمە هەمان رای (سيد عباس العزاوی)یە کە لەکتێبی "تأريخ اليزيديه واصل عقيدتهم"دا دەڵێ: (یەزیدیەکان بەر لەهاتنی شێخ عودەی ناویان هەبووە)

پرۆفیسۆران (ئەی. ڤیجاکسن" و "ئەمبسن" دەڵێن: (ئاینی یەزیدیەکان لەزەردەشتیەوە هاتووە، لەمێژووی تازەیدا بۆماوەیەك کەوتە ژێر دەستی ئیسلامەوە کەبووە هۆی گۆڕینو زیادوکەمی کەس لەهەندێ بیروڕایدا)

رایەکی تر هەیە گوایە ناوی (یەزیدی) لەشاری (یەزد)ی وڵاتی فارسەوە هاتووە. بەڵام ئەو رایەیان شیاوترە کە دەڵی ناوەکە لەیەزدانەوە هاتووە کە لەزمانی کوردیو فارسیدا مانای خوا دەگرێتەوە.

٥

## ئاینی یەزیدی

ئاینی یەزیدی، سەربەو کۆمەڵە ئاینەیە کەچەند هەزار ساڵێك بەر لەزاین، لەناوچە جیاجیاکانی ئاسیادا بەتایبەتی لەهیندستانەوە تا کوردستان پەیڕەو دەکران، هەروەك باسمان کرد. پێکچوونی ئەم کۆمەڵە ئاینە لەلێکدانەوە بنچینەییەکان، وەك باوەڕ بەچەند خوایەك‌و پیرۆزکردنی هەندێ دیاردەی سروشت وەك ئاگرو باران‌و لەبەرچاوخستن‌و دژایەتی کردنی هەندێکی تر، ئەم کۆمەڵە لەخێزانە ئاینێك کۆدەکاتەوە کەئاینی یەزیدی لەوانەوە هاتووە.

تەواوی مێژوونووسان لەسەر ئەو رایەن کەئاینی یەزیدی پاشماوەو بەردەوامی ئاینێکی دێرینە، کە بەرلە (٥٠٠) ساڵ بەر لەزاین لەکوردستاندا پەیدا بوو کەئەویش ئاینی زەردەشتە.

کاتێ ئاینی ئسلام پەیدا بوو گەلێ ئایین‌و بیروباوەڕی جیاجیای ئەو سەردەمەی لەناوبرد. بەڵام هێشتا دووسەدە بەسەرپەیدا بوونی‌دا تێپەڕی نەکردبوو جارێکی تر ئەو ئاینانە سەریان قوت کردەوەو جارێکی‌تر بە هەندێ گۆڕانەوە پەیڕەو کرانەوە. ئەو گۆڕانانەش لەئەنجامی وەرگرتنی هەندێ لەبیروباوەڕی ئسلام بوو گەر هیچ نەبێ تاوەکوو هەندێ بەئاینی ئیسلام بچن‌و رێگا لەپەیڕەوکردنی نەگیرێ. هەروەك لەکتێبە بەنرخەکەی مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی‌دا باس کراوە بەر لەهاتنی ئیسلام زەردەشتی بوون‌و لەپاڵی‌دا ئاینی ((مانی)) و ((بەرهەمی))یش پەیڕەو دەکران.

دەربارەی کاتی پەیدابوونی ناوی ((یەزیدی)) دوو جۆر راهەن:

رایەکیان دەڵێ (ئەم ناوە بەر لەهاتنی شێخ عودەی کوڕی موسافرەوە نەبووەو ئەو خەڵکەی ئێستا یەزیدین ئەوساکە زەردەشتی بوون پاش تێکەڵ بوونی لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕی ئیسلام ئەو ناوەی وەرگرت. ئەمە رای محەمەد ئەمین زەکی‌یەو لەنامیلکەیەکی پەسەندکراوی یەزیدی‌یەکانیش بە ناوی (نڤیژین ایزیدییان) واتە- نوێژی یەزیدیان- ساڵی ١٩٣٣ لە دیمەشق چاپ کراوە لەپێشەکیەکەیدا دەڵێ ((برێ کرد حمی زردشتی بون ژێ‌یینا مزدیسناڤە نڤیژ دکرن‌و ژخودێ رادپەرستن. پیشدا ترهین ب هین ب درکتا اولین دن گەبدل گە بزوراو لین خواین کڤن شماندن واولین دن همبێزکرن. هنکان دانە

پەی فلەتێ هنان ژی پەی مسلمانی ایزیدی لسراولا خوسکنین واوبرنەداه))[*]

رای دووهەم کەچەند مێژوونوسێك پشتگیری لێ دەکەن لەناویاندا (شەرەفخانی بدلیس) لەشەرەفنامەدا دەڵی بەر لەهاتنی شێخ عودەی بۆ ناوچەی هەکار ئاینی یەزیدی هەر بەهەمان ناو هەبوو.

بەڵام بەپێی هەریەك لەو دوو رایانە ئەم ناوە بەر وەیان لەپاش هاتنی شێخ عودەیەوە پەیدا بووبێ، هەموو مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کەبەر لەهاتنی شێخ عودەی بۆ ناوچەی هەکار خەڵکی ئەو ناوچەیەی کوردستان لەسەر ئاینێك بوون کەئاگرو رۆژو هەموو ئەو شتانەی تر کەلای زەردەشتیو یەزیدیەکان پیرۆزن لای ئەوانیش پیرۆز بوون. هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆکن کەئەو خەڵکانە کورد بوون.

مێژوونووس (عبدالرقیب یوسف) لەبەشی دووهەمی کتێبەکەی بەناوی (حضارة الدولة الدوستکیة في کردستان الواسط)دا بەبەڵگەی مێژوویی سەلماندویەتی، تاکوو سەدەی یانزەمینی زایینی ئاینی زەردەشتی لەکوردستاندا هەر مابوو.

ئەمە سەبارەت بەچۆنیەتی هاتنی ناوی (یەزیدی). دەربارەی بیروباوەڕی ئاینی یەزیدیش وەك هەمان رای زەردەشتیو بوونی دوو جۆر خوا (ئەهریمە) و (ئاهورامەزدا). لەئاینی یەزیدیش دا دوو هێز هەن ((هێزی چاکە)) یەزدانە، بەسەر هێزی خراپەدا زاڵ بووە کەشەیتانە پێی دەڵێن ((مەلەك تاوس))و لەدەسەڵاتدارێتی ئاسمان دەرکراوە. شەیتان فریشتەیەکی لەبەهەشت دەرکراوە، دروست کەرو مایەی خراپەیە، بۆیە تەنانەت خۆیان تووشی ناوهێنانیشی ناکەن. سەرگوزشتەی ئادەمو حەواو مارو سێوخواردنەکە دێننەوە، هەر بەوشێوەیەی لەتەوراتو قورئان دا باسکراون چۆن شەیتان ئادەمی هەڵخەڵەتاند، سێوەکە بخوا، لەسەر ئەوە ئادەم لەخێروخۆشی بەهەشت بێ بەری بوو. پاشان

---

[*] بەشێوەی کرمانجی خواروو ئەمەیە:

((پێشان کورد هەموو زەردەشتی بوون. بۆ ئاینی زەردەشتی نوێژیان دەکردو خوایان دەپەرست پاشان ئاینی تر وردە وردە بەدەرکەوتن. جار بەحەزی خۆیانو جار بەزۆر ئاینە کۆنەکەیان بەرداو ئاینی تریان لەئامێز گرت. هەندێکیان بونە فەلە- دیان- و هەندێکی تریان بوونە ئیسلام بەڵام یەزیدیەکان لەسەر ئاینی خۆیان هەر مانەوەو ئەویان بەرنەدا))

شەیتانیش لەبەهشت دەرکرا لەبەر ئەوەی مایەی گشت خراپەیەکەو خۆیان لەقەرەی ناوەکەی نادەنو لەجیاتی ئەوە پێی دەڵێن (مەلەك تاوس)و دەشی پەرستن. ئەم پەرستنە مایەی ترسو سۆزو پاڕانەوەیە. بەپێچەوانەی پەرستنی یەزدان کەسەبارەت بەمل کەچیو سوپاسو ستایشە. ترس لەمەلەك تاوس گەیشتۆتە رادەیەك وازیان لەپەرستنی خوا هێناوە بەوبەڵگەیەی کە خوا بەرەحمەو بەخشندەیەکی بێ هاوتایە، بەندەی خۆی هێندە خۆش دەوێ لەچاکە بەولاوە بەرامبەری ناکات. بەڵام مەلەك تاوس روو لەخراپەیە، چونکە سەرچاوەی بەدکارییە، بۆیە هەرچی گەرەکییەتی بەبەختیاری بژێت دەبێ مەلەك تاوس بپەرستێو لەخۆی نەرەنجێنێو بەشەیتانیش ناوی نەبات چونکە کفرێکی گەورەیە.

رایەکی تر دەربارەی مەلەك تاوس هەیە کە مامۆستا (تۆفیق وەهبی) لەچەند لێکۆڵینەوەیەکدا باسی کردووە دەڵێ: خوای ئاسمان لەئاینی ((سروشت پەرستان))دا لەگشت خواکان گەورەتر بوو پێیان دەگوت دیاوس. ئەم وشەیە بەرەبەرە گۆڕانی بەسەرداهات تا بووبە (تاوس) کە پاشان یەزیدییەکان لەبەر رێزلێنان پێیان گوت (تاوسی مەلەك)و بووبە خوایەکی گەورەیان.

دوای هاتنی شێخ عودەی کە لەداهاتوودا بەدرێژی باسی دەکەین، ئاینی یەزیدی گۆڕانی بەسەرداهات بەتایبەتی پاش ئەوەی گەڕانەوە سەر ئاینەکەی خۆیان. لەو گۆڕانانەش: پەیدابوونی باوەڕی پتەو بەگەورەیی و پیرۆزی خەلیفە یەزیدی کوڕی مەعاویەیە، کە خەلافەتی دەوڵەتی ئەمەوی بەنارەزامەندی گەلێ کەسو لایەن وەرگرتو لەلایەن عەبباسیو شیعەکاندا دوژمنایەتییەکی زۆری کرا. ئەمە لەکاتێکدا کە لەو سەردەمەدا گەلێ کارەسات روویان دا لەوانە کوشتنەکەی (ئیمام حسێن)و دوژمنکارییەکەی سەر خەڵکی شاری مەدینە، دوژمنان گەلێ پروپاگەندەیان بەدوای یەزید خست وەك سووك کردنی ئاین، مەی خواردنەوەو شتی تر. بەڵام بەلای شێخ عودەیەوە خەلیفە یەزید پیاوچاكو دەست پاكو موجاهیدو سێبەری خوا بوو.

ئاینی یەزیدی دوو کتێبی پیرۆزی هەیە. یەکەمیان ((جلیوە)) کەکتێبێکی ئاسمانییە بەشێوەی پەیام دابەزیوە لەئاسمانەوە. وتەی خوای تێدایە بۆ بەندەکان. سیفەتەکانی یەزدانی تێدا باس کراوە لەدەسەڵاتو رەوشتو عیلمی غەیبو لەگەڵ بەڵێنەکانی بۆ پاداشتی

**بەندەی چاكو خراپ. هەروەها دەربارەی گواستنەوەی گیانیش باسی تێدا كراوە.**

**كتێبەكەی تریان ((مسحەفارەش))ە. تێیدا باسی چۆنیەتی دروست كردنی ئاسمانو زەویو ئادەمو حەوا كراوە. باسی هاتنە خوارەوەی مەلەك تاوس دەكاو دەڵێ ((لەپێناوی تایفەی ئێمەدا دابەزی))و هەرلەوێدا دەڵێ: ((پێش هاتنی مەسیح بۆ سەر ئەم دنیایە ئاینەكەی ئێمە ئاگر پەرستی بوو))كە ئەمە خۆی بەڵگەیەكی بەهێزە لەسەر ئەسڵی ئاینی یەزیدیو دەیسەلێنێ كەوا بەر لەهاتنی مەسیحەوە ئەم ئاینە هەبووە.**

**پاشان مسحفا ڕەش دێتە سەر باسی یەزدانو دەڵێ: هەر هەزارساڵ جارێك یەزدان دێتە خوارێ بۆ لای ئێمە. چونكە هەرچی شوێنە پیرۆزەكانە لای خۆمانن. هەموو جارێكیش یەزدان بەزمانی كوردی لەگەڵماندا دەدوێ[13]. هەروەها لەجێگایەكی تردا دەڵێ: پاش هاتنی مەهدی، مەسیح خۆی دادەبەزێ بۆ سەر زەویو حوكمی ئەو گەلانە دەكات كەبەزمانی كوردی دەدوێن، ئەوانەش تایەفەی یەزیدیانن. هەروەها دەڵێ: لەرۆژی قیامەتدا حەقو حیساب هەر بەزمانی كوردییەو خوا خۆیشی بەكوردی دەدوێ، چونكە زمانی كوردی زمانی گشت ئاینێكەو پێغەمبەرانیش هەموو لەئێمەن.ئەم دوو كتێبانە ((جیلوە))و ((مسحەفا ڕەش)) بەزمانی كوردی بەشێوەی كرمانجی ژوورو نوسراونەوە. ئێستا دەست نووسەكانیان لەمۆزەخانەی بەرلینی خۆر ئاوان.**

**جا ئەگەر ئاینەكەو كتێبە پیرۆزەكانی هێندە تەئكید لەسەر كورد بوون بكا، بەشێوەیەك یەزدان بەو زمانە، كتێبی بۆ رەوانە كردبنو لەرۆژی قیامەتدا بە كوردی لەگەڵیاندا بدوێو حەقو حسابی هەموو خەڵكیشی پێ بكاو مەسیحیش كە دابەزی بە هەمان زمان بدوێ ئایا ئەوە دەیسەلەمێنێ كە ئاینی یەزیدیو یەزیدییەكان كوردن یا عەرەب؟**

**ئەگەر عەرەبن بۆچی یەزدان بە عەرەبی كتێبی بۆ ڕەوانە نەكردن وەك چۆن قورئانی پیرۆزی ڕەوانە كرد؟ چ پێویست دەكا لەگەڵ خەڵكێكی عەرەب یەزدان بەكوردی بدوێ ئەوانیش بەزمانی كوردی نوێژی بۆ بخۆێنن؟**

## کۆمەڵی یەزیدی‌یان

کۆمەڵی یەزیدی لە(٧) چینی جیا پێکدێت کە ئەمانەن (میر، شێخ، پیر، فەقیر، کۆچەك، قەوال، مرید). هەریەك لەم چینانە، لەڕووی پلەو پایەو ئەرك‌و فەرمانی دین‌و دنیایی‌یەوە لەوی تریان جیاوازە. بوونی ئەم حەوت چینانە بەو سنوورانەوە کە لێکی دابڕیون، کەلەبرێکی گەورەی خستۆتە نێوانیانەوە بە شێوەیەك نەك تەنها لەپلەو مافی دینی‌و دنیایی‌دا جیاوازن بەڵکە ژن‌و ژنخوازیش لەناویاندا یاساغەو تەنانەت لەجل‌و بەرگیش دا جیاوازن ئەمە زۆر ڕێگای لەپێشکەوتن‌و فراوان بوونی یەزیدی‌یانی گرتووە.

چینەکانیش یەك لەدوای یەك ئەمانەن:

١- میر: بەرزترین بنەماڵەی یەزیدی‌یانە پشتاو پشت میرایەتیان بۆ ماوەتەوە. (میر) خاوەنی بەرزترین دەسەڵاتی دینی‌و دنیایی‌یە. تەواوی خەڵك گوێڕایەڵی فتواو فەرمانەکانیەتی، بۆ کەسیش نیە لەو بپرسێتەوە. هەرچی یاخی بێ‌و، کرداری نا بەجێ بکا، خۆی توشی سزای توندی میر دەکات، دەست بەسەر موڵك‌و ماڵیدا دەگیرێ‌و مافە ڕۆحی‌و دنیایی‌یەکانی دەسڕدرێتەوە تەنانەت خزم‌و خۆیش لێی دەتەکنەوە تا ئەو کاتەی میر لێی خۆش دەبێت.

جا گوناهبار گەورەیی یا بچوك نێرینە یا مێینە بێ. میر میراتگری شەرعی هەر کەسێکە نێرینە لەخێزانیاندا نەبێ. بەم هەمموو دەسەڵاتەوە میر دەبێ دەسپاك‌و دادپەروەرو بەخشندەو بەجەوهەرو راستگۆبێت. خێرو سەدەقەو باج بۆ ئەو دێنن، ئازادە لەچۆنێتی سەرف کردنیان. یارمەتی دان‌و دەستگیری هەژاران لەسەر ئەوە. ئەم سیفات‌و دەسەڵاتانەش تەنها بۆ میر نیە بەڵکو هەر نێرینەیەك دەگرێتەوە لەبنەماڵەی میران.

میر تا ئەمرێ لاناچێ، کوشتنیشی تەنها لەسەردەستی یەکێ لەبنەماڵەکەی خۆیان دەبێ. ئەمەش بۆتە مایەی یەکتر کوشتنێکی زۆر لەناویاندا جار بووە کوڕ باوکی خۆی کوشتوە لەبەر ئەوەی چاوی لەپلەو پایەکەی بڕیوە.

بەمردن یا کوژرانی میر، میرات‌و دەسەڵات بۆ ئەو کەسەی بنەماڵەکەی دەبێ کە جێگاکەی دەگرێتەوە.

٢- شێخ: چینی شێخەکان لەسێ بنەماڵە پێکدێن کە ژنو ژنخوازی لەنێوانیاندا زۆر حەرامە. ئەمانەن (ئادانی، شەمسانی، قاتانی) هەریەك لەو بنەماڵانە کاری تایبەتی خۆی بەجێ دێنێ. ((بابە شێخ))کە لەپلەدا لەدوای میر

دێ لە(شەمسانی)یەکان هەڵدەبژێردرێ. لێپرسراوی گشت کاروباری دینی‌یە، تەنانەت میریش لەو بارەیەوە پرس‌وڕا بەو دەکات. ئەرکانی ئاینەکە بۆ خەڵکی ڕوون دەکاتەوە. نابێ ریش بتراشێ، مەی‌خواردنەوە بۆی حەرامە - لەکاتێکا بۆ خەڵکێکی تر کارێکی چاکە.

ئەگەر بابە شێخ مرد، یا میر لای‌دا- ئەویش بەدەگمەن ڕوودەدات گشت شێخەکان کۆدەبنەوە لەهەمان بنەماڵە بابە شێخێکی تر هەڵدەبژێردرێتەوە.

بنەماڵەی ئادانی ئەرکیان خۆێندنو نووسینە کە لەباقی خەڵکی یاساغ کراوە.

لەسەر هەر یەزیدی‌یەك نێربێ یا مێ، پێویستە شێخێکی هەبێت. لەڕزق دا برابەشی بێ. گوناهەکانی لێ لابات کەمردیش کفنو دفنی بکاتو بیشواو تەسلیم بەگۆڕی بکا.

٣- پیر: هەروەك لەمانای وشەکەوە دەردەکەوێ واتە ریشسپی خەڵکەکە لەدوای شێخەکان ئەوان دێن. بەگوندو دێهاتەکاندا بڵاودەبنەوە بەشی مریدەکان لە خێرو سەدەقە دەدەن. نەخۆشیان دەبرێتە لا بۆ ئەوەی دوعایان بەسەرا بخۆێنن.

٤- فەقیر: ئەوانەن کە خۆشی‌و هەواو هەوەسی دنیایان گۆڕیوەتەوە بە خێرو خۆشی‌و نەمری ئەودنیا. فەقیر تەرکەدنیاو پیاو چاكو روح سووكو رەفتار پاکی یەزیدی‌یانن. ئەگەر فەقیرێ لەیەکێ لەیەزیدی‌یەکان بدات- هەتا ئەگەر لەپلەو پایە ئاینی‌یە بەرزەکانیش بێت.- نابێ دەستی لەبەر بکاتەوە. بەڵکو دەبێ دەست لەسەر سنگ بەرامبەری رابوەستێو قبوڵی لێدانی تریش بکات. ئەگەر فەقیرێکیش لەدین لای داو سەرپێچی فەرمانی میری کرد بەرگی فەقیری- کە بەرگێکی تایبەتی‌یە- لێ دادەماڵن سەروریشی دەتراشنو لەناو خۆیان دەری دەکەن. فەقیر تا بەرگەکەی پەرپووت نەبێ نایگۆرێ ئەگەر کێچو ئەسپێ تێ‌یدا نایانکوژێ. کە مرد بەبەرگەکەیەوە دەیخەنە گۆڕ.

هەرکەس بۆی هەیە ببێ بەفەقیر دوای ئەوەی تەرکی دنیا دەکاو مل دەداتە بەر خوا پەرستی، پاشان میریش

شایستەی بوون بە فەقیری دەکاتو بەدەستی خۆی بەرگەکەی دەپۆشێ.

٥- قەوال: ئەم چینە شەرەفی هەڵگرتنی مەلەك تاوسو گەڕان بەدێهاتیان پێدراوە بۆ کۆکردنەوەی خێرو سەدەقە. دەف لێدانو، خوێندنی سرودە ئاینییەکانیش لەجەژنو بۆنە ئاینییەکاندا لەسەر ئەوانە. شانازی بەوەوە دەکەن کە پاککردنەوەی مەرقەدی شێخەکان لەخشتو خاڵو ئەو شتانەی زیارەت کەران جێی دەهێڵن، لەسەر ئەوانە.

قەوال بۆیان نیە لەغەیری چینەکەی خۆیان ژن بخوازن هەروەکوو چۆن بۆ شێخەکانیش نیە ژن لەوانە بخوازن. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ئەوەی قەوالەکان زیاتر روو لەکەمی نەکەن بابە شێخ بەفتوایەکی دینی گونجاندنی، کە قەوال کچی مریدەکان بخوازن. قەوال ریشو سمێڵ ناتاشن.

٦_ کوچەك: بەزۆری لەشەنگارو شێخان هەن. ئەرکیان شتنو کفنو دفنکردنی مردوانە لەگەڵ دۆزینەوەی چارەنوسیان چ بەخراپو چ بەچاك.

چونکە کوچەك پەیوەندیان بەعالەمی غەیبەوە هەیە. سەرەڕای ئەمانە خزمەتی مەرقەدە پیرۆزەکان دەکەنو ئەرکی گران لەوێدا ئەنجام دەدەن وەك بەردگواستنەوە، داربڕینو پاککردنەوەی حەوشی مەرقەد پاش هەر زیارەتێك. ئەمەش لەژێر چاودێری (مجێور)ێك کە یەکێ لەو کوچەکانەیە ژنی نەهێناوەو هەتا مردن لەخزمەتی مەرقەد دا دەبێ.

هەر یەزیدییەك پاش ئەنجام دانی چەند هەنگاوێكو بەڕەزامەندی (بابا شێخ) بۆی هەیە ببێ بە کوچەك.

٧- مرید: لەدوای ئەو شەش چینانەی باسمان کردن ئەوەی دەمێننەوە لەیەزیدییەکان پێیان دەگوترێت مرید. بریتین لەعامەی خەڵك، هەژارو رەشو روتن، دەبێ گوێ رایەڵی هەر کارو فەرمانێك بن کە پێیان دەسپێردرێ بێ پرسیارو لێکۆڵینەوە. دەست وەردان لەکاروباری ئاینیو سۆراغکردن لەنهێنییەکان، لەدین وەریان دەگێڕێ.

هەر مریدێك ژن یا پیاو دەبێ، شێخو پیرێکی هەبێ، خێرو سەدەقەیان پێ بدات ئامۆژگاریان لێ وەردەگرێت. ئەگەر یەکێ لەپیر یا شێخەکەی مرد پێویستە زوو خۆی

بگەیەنێتە لای میر تاکوو بە پارە شێخێك یا مریدێکی تری بۆ بدۆزێتەوە. ژن‌و ژنخوازی لەناو خۆیان بەولاوە قەدەغەیە.

## ٧

### هاتنەکەی شێخ عودەی کوڕی مسافر بۆ کوردستان

یەکێ لەو بیانووانەی، کوردە یەزیدی‌یەکانی پێ دەگەڕێنندرێتەوە سەر ڕەچەڵەکی عەرەب، چونی هەندێك هۆزو تیرەی ئەو ناوچەیەیە بۆ سەر تەریقەکەی ((شێخ عودەی کوڕی موسافر))کە دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئەمەوی‌و پەیدا بوونی عەلەوی‌و عەبباسیەکان پەنای بردە بەر کوردەکانی ئەو ناوچانە.

شێخ عودەی لەبەر موسڵمانی‌و پیاو چاکی‌و لەخواترسی خۆی، هەر زوو جێگەی لەناو کوردی ناوچەی هەکاردا کردەوە، توانی تەریقەکەی بەسەربەستی بڵاو بکاتەوەو خەڵکێکی زۆر بوونە دەروێش‌و موریدی. بەڵام ئەگەر کورد بە چونیان بۆ سەر تەریقەی شێخێکی عەرەب ئەوا دەبێ بەڕەوای ببینین بۆ هەر نەتەوەیەك کە دەچێتە سەر ئاینێك مانای ئەوە بدات چۆتە سەر ڕەچەڵەکی پێغەمبەری ئەو ئاینە. هەر خەڵکێکیش چوونە سەر تەریقەی شێخێك یا پیاو چاکێك ئەوا چوونەتە سەر ڕەچەڵەك‌و نەژادی هەمان پیاوچاك بەم حاڵە گشت ئەو کەسانەی لەهیندستان‌و پاکستان سەر بە تەریقەکەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانین)و ساڵانە سەدانیان بۆ زیارەت سەر لەمەرقەدەکەی دەدەن، دەبێ ئەو هیندی‌و پاکستانیانەش کورد بن یاخود لەبەرئەوەی کوردی کوردستانی عیراق، زۆربەی هەرە زۆریان سەر بەمەزهەبی شافعین لەئیسلام داو ئیمامی شافعیش عەرەبە، دەبێ کورد هەموو عەرەب بن لەسەر هەمان دەستوور دەبێ بە سەدان ملیۆن عیسایی پرۆتستانتی جیهان بکرێتە ئەڵمان، چونکە (لۆتەر)ی دامەزرێنەری ئەو ڕێبازە بەرەگەز ئەڵمانی بووە بەڵام ئاشکراو بەڵگەنەویستە کە ئاین‌و بیر پەیوەندیان بە نەژادو رەگەزەوە نیەو ئازادن. لەگەڵ پەیدابوونی ئاینی ئیسلام نەژادو نەتەوەی

جۆراوجۆر لەئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا هاتنە سەریو پەیرەویان کرد، بێ ئەوەی یەکێ لەوانەی پێ ببێ بەعەرەبو یان خۆیان واز لەنەتەوەکەیان بهێنن. تەنانەت نەتەوەی واهەن بەقۆناغی درێژ حکومڕانی تەواوی ئوممەتی ئیسلام، یا بەشێکیان کرد، بێ ئەوەی ببن بەعەرەب کەپێغەمبەرەکەشی عەرەبە. بەگوێرەی ئاینی مەسیحیشەوە هەمان دەستوور سەرتاسەری میللەتانی ئەوروپاو بەشی زۆری دوو ئەمریکاکە دیانن بێ ئەوەی یەکێکیان چوبێتە سەر رەچەڵەکی ئەوەی تریان ئیتر بۆچی دەبێ کوردێك تەنها لەبەرئەوەی شوێن شێخێك یا پیاوچاکێك کەوتووە بو بێ بەعەرەبو لە نەتەوەی خۆی شۆرابێتەوە؟ لەکاتێکدا ئەو شێخە پەنای بۆ بردبنو خۆی لەماڵەکانیاندا حەشار دابێ خەڵکی ئەو ناوچەیەش داڵدەیان دابێو گیانیان لەدەست دوژمنانی پاراستبێ.

بۆ ئەوەی زیاتر لەو مەسەلەیە تێ بگەین، چاکترە هەندێ تیشك بهاوێینە سەر چۆنیەتی پەنابردنەکەی شێخ عودەی کوڕی موسافر بۆ کوردستانو ژیانەکەی:

با واز لەوە بهێنین کەهەندێ مێژوو نووس وەك (عەبباس ئەلعەزاوی) دەڵێ شێخ عودەی کەناوی باوکی موسفر کوڕی ئەحمەدی کوردی‌یە کورد بووەو نەوەی براکانیشی_ خۆی ژنی نەهێناوەو منالّی نەبووە_ هەر نازناوی کوردیان پێوە بووە. با باسی ڕای ئەوانە بکەین کە دەڵێن عودەی کوڕی موسافر ئەمەوی‌یەکی قوڕەیشی‌یەو ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر شامەروانی‌یەکانو ناوی (عودەی کوڕی موسافر کوڕی موسا کوڕی مەروان کوڕی حەکەم)، و لەگوندی ((بیت فاز)) لەناوچەی بەعلەبەگی شام هاتۆتە دونیاوەو پاش هاتنەکەی بۆ ناوچەی هەکار نازناوی (هەکاری) وەرگرتووە.

عودەی، هەر لەزووەوە لە خوا پەرستیو سۆفی گەرێتی چووەوە سەر موسافری باوکی کە پیاوێکی زۆر لەخوا ترسو دیندارو نورانی بوو.

شێخ عودەی، لەهەڵوێست دا زۆر بەلای ئەمەوییەکاندا بوو، پشتی ((معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانی))ی دەگرتو دەیگوت: ئەوە خاڵی موسڵمانانە وەك پێغەمبەر د. خ. وایە ئەمینو دەسپاکی خوایە. زۆر دژی شیعەکان بوو بەلادەرو ئەهلی بدعە لەقەڵەمی دەدان.

بەم بیروباوەڕانەو لەسەر بنچینەی خۆچاککردنو گوێڕایەڵیو رەوشتی جوانو بێگەرد تەریقەیەکی نوێی پێکهێنا.

بەڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی، ئەوەی سەر بەو دەوڵەتە بوو پشتگیری لێ دەکرد کەوتە بەر ڕاونانو کوشتو کوشتار. خەڵکێکی زۆر بەم لاو ئەولادا پەرتەوازە بوون. یەکێ لەوانە شێخ عودەی کوڕی موسافر بوو. بەڵام بۆچی ئەم شێخە لەناوچەی بەعلەبەگی شامەوە ڕووی لەکوردستان کردو بەتایبەتیش پەنای بۆ ناوچەی هەکار برد؟.

مێژووی دەوڵەتی ئەمەوی زۆر سەردارو گەورە پیاوی کوردی بەخۆیەوە بینیوەو لەو سەردەمەدا کاربەدەستو سەرکردەی بەشە جیاجیاکانی ئەو دەوڵەتە بوون. لەگەڵ ڕووخانی ئەو دەوڵەتەدا ئەوکوردانە ڕوویان کردەوە ناوچەکانی خۆیان. شێخ عودەی کە ئاشناییێکی چاکی لەگەڵیاندا هەبوو لەتەکیاندا پەنای بردە بەر ناوچەی هەکار لەکوردستان. نابێ ئەوە لەیاد بکەین ئەو ساکەش کوردستان قەڵای بەرگریو خەبات بوو هەرگیز ڕێگا نەدەدرا دەستی زۆرداران بیگاتێ. خەڵکەکەی سنگ فراوانو شەڕکەر بوون هەرچی پەنای بۆ بردبان لەسەلامەتی خۆی دڵنیا دەبوو بەتایبەتی ئەگەر ئەو پەنابەرە پیاو چاکێکی وەك شێخ عودەی بووبێت.

شێخ هەر زوو لەو ڕێزو بەخێرهاتن کردنە، بێ پایانەوە کە لێی کرا، خانەدانیو میوان دۆستی خەڵکی ناوچەی هەکاری بۆ دەرکەوت. پێویستە بڵێین: لەخواترسیو ڕەوشت بەرزیو بەئەمەکی شێخ خۆشی لەئاستێك دا بوون شایانی ئەو داڵدەدانو ڕێزلێنانەی کوردانی هەکار بێو وابکا لەناو خۆیاندا جێگای بۆ بکەنەوە.

پاش جێگیربوونی، دیقەتیدا تەواوی کوردەکانی ناوچەی هەکار لەسەر ئاینی یەزیدیو زەردەشتن، نووری ئیسلام هێشتا نەگەیشتۆتە ناویان بۆیە لەگەلی(لالەش)دا نیشتەجێ بوو کلێسەیەکی چۆڵکراوی نەسرانیەکانی کرد بەبنکەو دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی تەریقەکەی کەبووە مایەی باوەڕپێهێنانی خەڵکێکی زۆر.

ئەمەڕووداوە مێژووییەکەی پەنابردنی عودەی کوڕی موسافرە بۆناوچەی هەکار. بەڵام کەی بووە یەکێك پەنای بردبێتە بەر خانەیەكو لەوێدا داڵدەدرابێ، کەچی خانەکە بەخەڵکەکەیەوە بووبێ بەهی خۆی؟

ڕاستە هەندێ خزمو دەروێش، لەگەڵ شێخدا پەنایان بردە بەر هەکار بەڵام ژمارەی ئەوانە لەپەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکردو هەر زوو بە حوکمی ژنو ژنخوازی لەناو کورددا توانەوەو هێندەی نەبرد هەموو بە نازناوی ((کوردی)) ناویان

دەرکردو ناسران. وەك یاسایەکی سروشتی گونجاو کەمێك لەناو زۆردا گوم بێ، بەڵام هەرگیز زۆر لەکەمێکیئاوا کەمدا ناتوێتەوە سەرداری شێخان ((سەعید بەگ)) کە لەنەوەی براکانی شێخ عودەیە دەیگوت ئەگەر کوردی ساغڵەم هەبن هەر ئێمەین.[١٤]

هەموو مێژوو نووسان لەسەر ئەو رایەن کەوا عودەی کوڕی موسافر پیاوێکی لەخواترسو چاك بووە، تاکوو ئێستا کەسێك بە خراپە لەسەری نەنوسیوە.

هەروەها بەقەدرو حورمەت مایەوە تا ساڵی (٥٥٥)ی کۆچی_ واتە لە١١٦٠ی زایینی_دا کۆچی دوای کرد*. وپاش خۆی هەواو هەوەسو حەز لەموڵکداری کەوتە کەللەی شێخو سەرکردەکانیانەوە تاکو کردیانە مەسەلەیەکی رامیاریو کێشە لەسەر موڵكو ماڵ. بەمە تەریقەکەی تووشی تێکدانو شێواندن هاتو بووە مایەی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لێی بتەکنەوەو تەنانەت دژایەتیشیان کرد. لەنەوەکانیبرای شێخ عودەی یەکێك بوو بەناوی (شێخ حەسەن)ەوە کە تەماشای کرد هێزو دەسەڵاتی فرە بەهێزە فەرمانڕەوایی کەوتە

* رایەکی تر هەیە دەڵێ مردنەکەی لە٥٥٧ی کۆچیدا بووە.

سەرییەوە، ویستی گەورەیی ئەمەوییەکان بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەمەش ئاینی یەزیدی هێنا_ کە لەگەڵ تەریقەکەی شێخ عودەیدا تێکڵاو ببوو بۆ پانو پۆڕکردنی دەسەڵاتەکەیو ئەنجام دانی ویستە سیاسیەکانی خۆی*. شێخ حەسەن بەر لەوەی تەواو خۆی ئامادە بکات مەبەستی خۆی ئاشکرا کرد کەوا ئاینێکی نوێی داهێناوە.

موسڵمانان ئەمەیان بەسەرگەردانیەکی زۆر زانی بۆ ئیسلام بەتایبەتی شیعەکان، کە زۆر دژی بنەماڵەی معاویەن. ئەوە بوو شیعەکانی موسڵ کاریان کردە سەر (بدرالدین لولو)ی فەرمانداری موسڵ شێخ حەسەن گیراو خنکێندرا.
بزوتنەوەکەیان لەبنەڕەت تێکدراو، بوو بە مایەی کوشتارو تاڵانو ماڵوێرانییەکی زۆر لەتیرەو هۆزی یەزیدییەکان.

* پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کە کاتێ یەزیدییەکان چوونە سەر تەریقەکەی شێخ. وازیان لەئاینی پێشینیان نەهێنا بەڵکو بیرویاوەڕی تازەیان تێکەڵ بە ئاینەکەی خۆیان کرد. ئەگەر لەسەردەمی شێخ عودەیدا ئەوە دەرنەکەوتبێ بەڵام پاش مردنەکەی هەر هەڵیان دەسکەوت خێرا گەڕانەوە سەر ئاینی یەزیدی بەڵام کاری ئەم تەریقەیەی پێوە دیار بوو. لەداهاتوودا باسی دەکەین.

ئەم کارەساتە وای کرد خەڵکێکی زۆر لەهۆزەکان بگەڕێنەوە سەر ئاینی یەزیدی پێشینیان. ئەمە لەکاتێکدا هۆزو تیرەیەکی زۆر لەباکوور مابوونەوە بێ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە چووبنە سەر تەریقەکەی شێخ عودەی.

بەم گەڕانەوەیەی کوردەکانی سەر بەتەریقەی شێخ عودەی بۆ سەر ئاینی یەزیدی، هەندێ بیرو باوەڕی نوێیان هێنایە ناو ئاینەکەوە. لەوانە باوەر بە پیرۆزی یەزیدی کوڕی معاویەو هەندێ لەپەیڕەوو تقوسیشیان گۆڕا، وەك نوێژو ڕۆژوو حەج‌و زەکات‌و شتی تر. بەڵام ڕۆژوو وەك چۆن لەناو ئاینی ئیسلامدا هەیە ئاوا نەچووە ناو ئاینی یەزیدی‌یەوە بەڵکو لەئاینی یەزیدیدا دوو جۆر ڕۆژوو هەیە. ڕۆژووی عەوامەکان‌و ڕۆژووی خاسەکان. ڕۆژووی عەوام لەساڵێکدا (٣) ڕۆژە (سێ شەممەو چوار شەممەو پێنج شەممە لەکانوونی یەکەم)ی هەر ساڵێك. ئەم سێ ڕۆژووانەش لەبری (٣٠) ڕۆوژووەکانەو دەڵێن یەزدان دەفەرموێ هەرچی چاکەیەك بکا من بە دەقات بۆی دەنوسمەوە کەواتە ٣ چاکە بەرانبەر بە (٣٠)یە.

بەڵام ڕۆژووی خاخاسەکان (٨٠) ڕۆژە بە دوو جار هەرجارەی (٤٠) ڕۆژوو بەم جۆرە ڕۆژوو لەئاینی یەزیدی‌دا ئەو شتەیە کە لەئیسلامەوە وەریان گرتووە چونکە لەئاینی زەردەشت دا کە بناغەی یەزیدی‌یە ڕۆژوو نیە. ئەمە

ئاوڕدانەوەیەك بوو لەچۆنێتی هاتنی شێخ عودەی کوڕی موسافر بۆ ناو ناوچەی گەروی لالەش لەکوردستان‌و چۆنێتی بڵاو بوونەوەی تەریقەکەی‌و باوەڕ پێ هێنانی کوردی ئەو ناوچەیە بەم پیاو چاکە.

ئیتر دەبێ ئەوە چی تێدابێ وا بکا کەسانێك بیکەن بەبیانووی گەڕاندنەوەی پەیڕەوکەرانی بۆ سەر ڕەچەڵەکی عەرەب؟

ئەمە چی لەوە زیاترە کەوا پتر لەهەزار ساڵە کورد بەدڵ‌و بەگیان هاتوونەتە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە لەعەرەبیشەوە وەری گرت‌و وەك ئاینی یەزیدی لەپێغەمبەرێکی کوردەوە نەهاتووە کە ئەویش ((زەردەشتە))و بەر لەهەزاران ساڵ لەکوردستانەوە هەڵقوڵاوە. جا کەنەتەوەی کورد بە ئاینی ئیسلام نەبێ بە عەرەب بۆچی دەبێ بە تەریقەیەك لەئیسلامدا ببێ بە عەرەب؟ لەکاتێکا هەموومان دەزانین کەوا تەواوی ئەو ئاینانەی یەزدان بۆ بەندەکانی ڕەوانە دەکا بۆ تەواوی ئوممەتی سەر ڕووی زەوی‌یەو موڵکی هیچ نەتەوەو ڕەگەزێك نیەو بەکارهێنانی ئاینیش لەپێناوی ڕەگەزو ڕەچەڵەك پەرستی‌و تواندنەوەی میللەتان کارێکە بەر لەهەر شتێك دژ بەناوەڕۆکی پاك‌و بێگەردی ئەو ئاینە دەوەستێتەوە.

## ٨

## چەند نموونەیەك لەگوشارو پەلاماردانی درِندانە بۆ سەر یەزیدی‌یانی شەنگارو شێخان

مێژووی دەوڵەتو میرنشینەکانی کوردستان وەك (ئەردەڵان، بابان، سۆران، بادینان، جزیرو بۆتانو دەوڵەتی دۆستەکی) نیشانی دەدەن کە کوردستان لەسەردەمی ئەو پەرِی بەهێزی دەوڵەتی عەبباسیو عوسمانیش دا سەربەخۆیی خۆی پاراستوەو هەرگیز پارویەکی چەورو ئاسان نەبووە وەك ناوچەکانی تر قووت بدرێ. سولّتانو خەلیفەکان لەهەوڵی باجو خەراج کۆکردنەوەیاندا، جاری واهەبووە تاکە لیرەیەکیان لەکوردستان پێ نەسەندراوە ناوچەی شنگارو شێخان شان بەشانی ئەو ناوچانەی تری کوردستانو بگرە زیاتریش بەخۆینی رۆڵەکانیان بەرگرییان لەخۆیانو ناوچەکانیان کردووە دژی دەسەڵاتە یەك بەدوای‌یەکەکانی ناوچەی موسڵ وەك (قەرەقۆیلو ئاق قۆیلەکان)و باقی هێزو دەسەڵاتەکانی تر وەستاونەتەوە کە دژ بە ئاینەکان وەستاونەتەوەو هەوڵی لەناوبردنیان داوە. مێژووی ناوچەی شنگارو شێخان گەلێ پەلامارو قەتڵو عامو ماڵ سووتانی خەڵکی بێ تاوانو بێ دەسەڵاتی ئەو ناوچانەی تێدایە. دەمێ بەبیانوونی غەیرە دینیو دەمێکیش بۆ راکێش کردنیان بۆ سەربازیو بەرەی شەرِی نارِەوای دەوڵەتان. تەنانەت ژمارەی ئەو قوربانیانەی لە(٧٠٠) ساڵی رابردوودا داویانە، دادەنرێ بە دوو ملیۆن کەس[١٥] ئەم رابردووە پرِ خەباتو تێکۆشانەی برا یەزیدی‌یەکانمان وای کردووە خەڵکی ئەم ناوچانە بە گەورەو بچوکەوە لەشکرێکی هەردەم ئامادەو تەیار بێ بۆ وەڵام دانەوەی هەر شەرِێك کە لەوەختو ناوەخت دا بەر دەرگایان پێ دەگرێ. ئەمەش باسی تەنها چوار پەلامارە بۆ سەر یەزیدی‌یانی شنگارو شێخان:

یەکەم: هێرشەکەی (بدرالدین لولو) و سووتاندنی ئێسقانەکانی شێخ عودەی:

ساڵی (١٢٥٤)ی زاینی (بدرالدین لولو)ی حاکمی موسڵ سەرەرِای باجو سەرانە بەناوی یارمەتی‌یەوە داوای پارەو پولیشی لەیەزیدی‌یەکان دەکرد لەکاتێکدا یەزیدی‌یەکان نەك هەر باجیان نە دەدا، بەڵکو ئیعترافیشیان بە حاکمیەتیەکەی نەدەکرد. ئەمە وای کرد بەدرەدین لولو لەشکرێك بکاتە سەر کوردەکانی ناوچەکەو پاش ماڵ کاولکردن دەغڵودان سوتاندنی خەڵکە بێ تاوانەکە ژمارەیەکی زۆری بە رەشبگیری لێ بەدیل گرتن. سەد کەسی لەو دیلانە بەسێدارەوە کردو

سەدی تریشی سەر بڕیو دەستو قاچی میرەکەیانی بڕیەوەو بەسەر دەروازەی شاری موسڵ دا بۆ تۆقاندنی کوردەکان هەڵیواسی.

سەربازانی لەشکری داگیرکەر هەر بەوە نەوەستان بەڵکو گۆڕەکەی شێخ عودەیشیان هەڵدایەوەو ئێسقانەکانیان بە بەرچاوی دەروێشو موریدەکانیەوە ئاور تێبەردا[16].

دووهەم: قەتڵو عامەکەی شەنگارو بەدیل گرتنی خەڵکەکەی لەساڵی (١٧١٥) زایینیدا:

هەروەك پێشتر باسمان کرد، ئاینی یەزیدی هەردەم جێگای بێزاریو ناڕەحەتی خەلیفەکان بووە. بۆیە هەرکاتێ جەنگە گەورەو دەرەکییەکان سەریانی هەندێ سووك دەکرد، ئاوڕێکیان لەیەزیدییەکان دەدایەوەو لەشکریان بۆ رەوانە دەکردن.

لە ساڵی ناوبراوا خەلیفەی عوسمانی بەناوی غەزاوە لەشکرێکی زۆری کردە سەر کوردەکانی ئەو ناوچەیە.

بەگەیشتنی سوپاکە دانیشتوانی هەردەم ئامادەی شنگار بەرنگاریان بوونەوە. پاش شەڕێکی توندو گەیاندنی زیانێکی زۆر بە دوژمن شەڕەکەیان گواستەوە بۆ چیاکان و لەشکری عوسمانی نەیتوانی چیتر شەڕیان بکاو دوایانکەوێ، بۆیە گەڕانەوەو کەوتنە گیانی ئافرەتو منداڵی بێ پیاو بەجێ ماو.

سەربازانی خەلیفەی ئیسلام بەناوی غەزاوە قەتڵو عامیان کردن. (شێخ عەبدولڕەحمان سویدی) لەکتێبەکەیدا بەناوی (حدیقە الزورا)، وەلەساڵی (١٧٨٥)دا لەو بارەیەوە دەڵی (یەزیدییەکان ئیسلامیان بەکۆمەڵ پێ دوژمنە، بەگوێی هیچ حاکمێك ناکەن) پاشان دێتە سەر باسی چۆنێتیی شاڵاوو پەلامارەکەی ژنو منداڵانی کوردی ئەو ناوچەیەو دەڵێ (حیزبی خوا سەرکەوت دوژمنانیشی رایان کردو ماڵو پارەو خانووبەرەو هەرچی هەیانەو نیانە بەجێ یان هێشت.)[17]. بەم شێوەیە نووسەر دەیەوێ بیانوویەکی رەوا بۆ قەتڵو عامەکانیان بهێنێتەوە بەوەی کەوا یەزیدییەکان دژی ئیسلامن. بەڵام لەلایەکەوە ئیسلام هەرگیزکاری وا بەرامبەر بە غەیرە دینان ناکاو لەلایەکی تریشەوە راستە ئاینی یەزیدی لەئیسلام جیایە بەڵام دژی نەوەستاوەتەوە بگرە ئەگەر داگیرکەران کۆڵیان لێ بدەنو فیتنە لەناویانا نەنێنەوە، وەك برا پێکەوە دەژین، هەر وەك لەکۆنەوە ئیسلام و یەزیدییانی ئەو ناوچانە ژیاون. تەنانەت ئەوەی هەندێ ئاگاداری ئەحواڵی یەزیدییەکان بێت ئاگای لەمەسەلەی (کریڤ) هەیە کە

پەیوەندییەکی برایانەی رووحیی پتەوە لەنێوان موسڵمانێکو یەزیدییەکدا دەبەسترێتو (کریڤ) مانای برای خوێن دەگرێتەوە. هەر موسڵمانێ بوو بەکریڤی یەزیدییەك یا بەپێچەوانەوە تا مردن پشتی یەکتر بەرنەدەنو لەهەموو ناخۆشییەکدا فەرزە کە بەهانای یەکترەوە بێن. تاکوو ئێستاش چەندین نموونە هەیە کە چۆن موسڵمانو یەزیدی کە کریڤو براخوێنی یەکتر بوون لەسەر یەك خۆیان بەکوشت داوە.

نووسەر ئەو قەتڵو عامە دەداتە پاڵ ئیسلامو بەسەروەری خەلیفەی عوسمانیەکانو بەسەرکەوتنی حیزبی خوای لەقەڵم دەدا، لەکاتێکدا خەلیفەکانی عوسمانی، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەردەمی هەژدەهەمەوە حوکمڕانیانکرد هەرچی خوا پێی خۆش بوو ئەوان نەیان دەکردو لەبەر هەواو هەوەسی خۆیان ئاگایان لەوئیمپراتۆریەتە پانو پۆڕە نەمابوو تا هێندە گەندەڵ بوو پاشان لێك هەڵوەشا.

سێهەم: هەوڵی بەزۆر تواندنەوەی ئاینی یەزیدیو قەتڵو عامەکەی شنگار لەساڵی (١٨٩٠)دا: .

شەڕو کوشتار دادی عوسمانیەکانی نەدا بۆیە یەزیدیش وەك نەسرانیو جولەکە لەجیاتی سەربازیکردن پارەیان دەدا بەبابی عالی.

ساڵی (١٨٩٠) جارێکی تر خەلیفە عەبدولحەمید ویستی ئەم ئایینە لەناو بەرێو بەزۆر بیانکات بەئیسلام تاکوو وەك جولەکەو نەسرانی غەیرە دین نەمێننەوەو یاسای سەربازی بە سەریاندا بسەپێنرێ بۆ ئەمەش لێپرساوی عوسمانیەکان لەشاری (دیاربەکر) رەوانەی ناوچەی یەزیدییەکان کرا تاکوو چ بە خۆشی چ بەناخۆشی رازییان بکا سەربازی بکەن. بەڵام بە پێی قسەو هەڕەشەکانیان نە دەکردو، دیسان بەڕاشکاوییەوە رایان گەیاند، نە بەزۆر واز لەئاینی خۆیان دێننو نەسەربازیش بۆ داگیرکەران دەکەن. لەگەڵ زۆربوونی گوشارو کۆکردنەوەی هێز لەناوچەی شنگارو شێخان خەڵکەکەش کەوتنەوە خۆڕێکخستنو تەیارکردن بۆ شەڕی ئەمجارەیان. ئەمە وای لەسوڵتان عەبدولحەمید کرد سەر لەشکرێك بە ناوی "عومەر وەهبی پاشا" رەوانەی کوردستان بکا. ئەوەبوو سەر لەشکر بە هەڵەداوان، خۆی گەیاندە ناوچەکە بەڵام پاش شەڕێکی زۆر نەیتوانی سەر بەکوردە

یەزیدییەکان شۆڕ بکات. لەبەر ئەوە بابی عالی لەسەر کار لای دا. رووداوەکەش بەم جۆرەیە:

سەرەتا عومەر وەهبی شێخو پیرە یەزیدییەکانی شێخانی، بەناوی دەعوەتەوە بۆ موسڵ بانگ کرد. هەتا دەرەوەی شار بەرەوپیریانەوە چوونو بەئاهەنگەوە پێشوازییان لێ کردن. پاش گەیشتنیان قازی شاری موسڵ پەیامی بە ئیسلام بونیانی بەسەرا خۆیندنو پیێ راگەیاندن کەوا لەعیبارەتی ئەو رۆژەوە بوونەتە ئیسلام. ئەم فێڵو داو نانەوەیە خەڵکەکەی نەشێواندو ملیان بۆ ئەو فرمانە کتوپڕە شۆڕ نەکرد. بڕیارەکەیان رەتکردەوە بۆیە دەسەڵات داران میوانداریيەکەیان کردە گرتنو زیندانیکردنی هەر کەسێ بریارەکەی رەتکردەوە. لەو لاشەوە عومەر وەهبی لەشکرێکی بە سەرکردایەتی کوڕەکەی رەوانەی ناوچەی شێخان کرد. ئەویش لەسەر نەخشەی باوکی کەوتە کوشتاری ئەو خەڵکەو روخاندنی قوبەی گۆڕی شێخەکانیان. تەنانەت مەرقەدەکەی شێخ عودەیشیان وێران کرد. بەم جۆرە جارێکی تر خەڵکی شێخان ئاوارە بوونەوەو بەپەلە منالو ئافرەتەکانیان لەدەستی سەربازەکان دەربازکرد.

دوای ماڵ بڕینو تالآنێکی زۆر بۆ دژایەتی کردنی ئاینی یەزیدی پەرستگاکەی شێخ عودەیان کردە قوتابخانەیەکی ئیسلامی. بەڵام ئەمەش دادی نەدانو کوردی ناوچەی شێخان بەنەفەسێکی درێژەوە بەرامبەر بەم زۆرداریيە وەستانەوە. تا خەلیفە عەبدولحەمید هاتە سەر ئەو رایەی جارێکی تر دەست لەیەخەی ئەو خەڵکە بەربدات. قوتابخانەکەی هەڵوەشاندەوەو لەجیاتی سەربازیش رازی بوو وەك جوولەکەو نەسڕانیەکان پارە بدەن.

ئەمە لەناوچەی شێخان دا. لەشنگاریشدا هەروەك پێشتر باسمانکرد: خەڵکی ئەو ناوچەیە هەردەم سوپایەکی ئامادەو مەشقدار بوون بۆ وەڵامدانەوەی هەر شەڕو گێچەڵێك کە بەردەرگایان پێ بگرێ. بۆیە عومەر وەهبی ناچار بوو خۆی سەرکردایەتی لەشکری بکات بەڵام تالآوی بەرگری توندو شکانی لەسەر دەستی خەڵکی ناوچەکە چێشت. بەمە بابی عالی لێی بەقیندا چووو تڕۆیکرد.

چوارەم: شۆڕشەکەی برا یەزیدییەکان دژی دەوڵەتی عیراق:

ساڵی ١٩٣٤ دەوڵەتی عیراق یاسایەکی دەرکرد بۆ ناونوسکردنی بە زۆری خەڵکی بۆ سەربازیکردن.

برا یەزیدییەکان وەك هەڵوێستی پێشانیان رۆڵەکانیان نەنارده پێشەوه بۆ ناونووسکردن لەسوپای عیراق دا. ئەمە وای کرد دەوڵەت فشارێکی زۆر بۆ خەڵکەکە بهێنێ‌و گوزەرانیان لێ تاڵ بکات: لەبەرامبەری ئەوەدا جارێکیتر ئاگری شۆڕش لەناو کوردەکانی ناوچەی شنگاردا کڵپەی سەندەوه کە دەوڵەت بە ژمارەیەکی زۆر لەپۆلیس‌و سەربازو بە پشتیوانی تانك‌و تۆپ‌و فڕۆکەی جەنگی لەرۆژی یەکی تشرینی یەکەمی (١٩٣٥)دا هێرشیکی کت‌وپڕی بردە سەر ناوچەی شنگار کە (٧٠٠) شۆڕشگێڕ لەچاوەڕوانیان بوون. لەناویان ((داودێ داودو رەشەقولو)) دوان لەسەرکردەکانیان بوون. شەڕێکی توند (١٧) رۆژیی درێژەی هەبوو خەڵکی شنگار بەوپەڕی گیانی لەخۆبوردنەوە پێشوازییان لەو شەڕە کرد کە بەسەریاندا سەپێنرا. پاشان فڕۆکەو تانك گوشاری بۆهێنان. ئەوانیش شەڕەکەیان گواستەوە بۆ چیای شنگار کە بەدرێژایی مێژوویان لانەی بەرگری‌و خۆڕاگریان بوو. ئەمە لەچالاکی‌و کاری فڕۆکەو تانکەکانی کەم کردەوەو دەوڵەت نەیتوانی چی تر شەڕیان بکات، وەك شالاّو هێنەرانی بەر لەخۆیان بایان دایەوە وێزەی خەڵکەکەو (٣٨٩) کەسیان لێ زیندانی کردن‌و چەندین کەسیشیان هەر لەوێ گوللە باران کرد.

بەڵام خەڵکەکە لەگەڵ ئەم جۆرە هێرشانە مێژوویەکی دوورو درێژیان هەبوو هێندەی نەبرد وەکوو جاران گەڕانەوە سەر خانووو ماڵی خۆیان‌و بەرگری لە خاکیان. ئەوەبوو دەوڵەت ساڵی (١٩٤١) هێرشێکی دۆڕاوی تری کردەوە سەریان.

(محمود الدره) لەکتێبی (القضیة الکردیة)دا، کە دێتە سەرباسی شۆڕشەکەی ساڵی (١٩٤١)ی یەزیدییەکان تاوانی شۆڕشەکە دەخاتە سەر ئینگلیز گوایە بە فیتی ئەوان هەڵسانەوە بەمەش تەواوی شۆڕشەکانی پێشوی یەزیدییەکانی لەبیر خۆی بردۆتەوە کە ئەو کاتە ئینگلیز لەوناوە نەبوون.

شایەنی باسە دانەری ئەم کتێبە خۆی فەرماندەی سەربازی ئەو سوپا سەرکوتکەرە بوو.

ئەمە هەندێك لەو شالاّوو پەلاماردانانە بوون کە بە بیانووی غەیرەدینی‌و سەربازی پێ‌کردنەوە کراونەتە سەر کوردەکانی ئەو ناوچانە. پێویستە ئەوەش بخەینە روو کەوا رازی نەبوونی یەزیدییەکان بۆ سەربازیکردن، هەندێ هۆی تایبەت بەئاینەکەیانی تێدایە. چونکە هەندێك دوعاو نوێژکردن هەیە لە ئاینی یەزیدیدا وەك نوێژی سەر

لەبەیانیان کە نابێ هیچ کەس لە غەیری یەزیدی ئاگای لێ بێت دەنا نوێژەکە قبوولّ نابێ. ئەمە سەرەڕای زیارەتو حەجی مەلەك تاوس لەساڵێکدا سێ جار. هەموو ئەمانە لەلایەك‌و بیستنی ناوی (شەیتان)کە بەتێکەڵاو بوونیان لەگەڵ خەڵکی تردا زۆر بەر گوێیان دەکەوێ کفرێکی هێندە گەورەیە یا دەبێ ئەو کەسە بکوژرێ کە گوتوویەتی وەیا خۆی بکوژرێ.

ئەمانەو گەلێ هۆی تر وایان کردووە یەزیدی‌یەکان زۆر دژ بە سەربازی کردن‌و تێکەڵاو بوون، بوەستنەوە. ئەمەش زیاتر لەو عەرزو حاڵە بەرچاوەکەوێ کە لە(٢٨ی شباتی ١٨٧٢)دا بە ئیمزای شێخ‌و پیرەکانی یەزیدی بەرز کرایەوە بۆ (بابی عالی) بە هیوای چاو پۆشین لەسەربازی کردنیان.



## چ پێویست دەکات خەڵکێکی عەرەب بە عەرەب بکرێن

کوردستان- بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە گۆڕەپانی جەنگێکی بەرگری نەپساوە بووە. لەم نیو سەدەیەی رابردوودا گەلی کورد لەهەندێ شکستی کاتیدا نەبێ_ لەپێناوی مانەوەی لەسەر خاك لەسەر دەستی رژێمە جیاجیاکاندا، توشی شالاّوی جۆر بە جۆر بووە، بۆیە هەرگیز دەستی لەچەك بەر نەداوە.

ناوچەی شنگار بە حوکمی ئەوەی مەڵبەندێکی جەنگی‌و ئابوری ستراتیژی گرنگە دووپارچەی کوردستانی عیراق‌و سوریا پێکەوە گرێ دەدا، لەبەر ئەوەی ناوچەی سنوری بەشێك لەباشوری خۆراوای کوردستانە بە عەرەبستانەوە بووەتە مایەی سەرنج‌و چاوتێبڕینی رژێمە یەك بە دوای‌یەکەکان‌و بەردەوام هەوڵی لێکدابڕینی ئەم دووپارچەیەی کوردستان دراوە ئەمەش بە کەلەبەر خستنە نێوانیانەوە لەرێگای بە عەرەبکردنی خەڵکی ئەم ناوچانەوە.

مەسەلەی ئاینی یەزیدی، بە هۆی ئاڵۆزیو بە تایبەتێتی ئاینەکەیانو هەندێ دابو دەستوریانو، جیاوازییان لەباقی هۆزو تیرەکانی کوردستان، کراوە بەو کەلەبەرەی بەکار دەهێنرێ بۆ دەربازبوونو گەیشتن بە مەبەستەکانیان. بەڵام لێکۆلێنەوە لەبیروباوەڕو ئاینی یەزیدیانو مێژووی ناوچەکە_ هەروەك لەباسی رابردوودا هەندێك تیشکیان خرایە سەر نیشانی دەدا کەوا مەسەلەی کورد بوون، لای یەزیدی‌یەکان تەنها حەزێك یائینتمایەکی قەومی سادە نیە بەڵکو کورد بوونیان، پێویستیو فەرزێکی دینی‌یە، چونکە هەروەك باسکرا زۆربەی وتوو وێژو لێپرسینەوەی رۆژیئاخیرەت بەزمانی کوردی‌یە، نوێژ خۆیندنو تەنانەت دووکتێبە پیرۆزەکانیشیان هەر بەو زمانەن. بۆیە بە عەرەب کردنی کوردی یەزیدی گەلێ نەشیاوترە لەهەوڵ دانی بەعەرەب کردنی کوردە ئیسلامەکان.

لەعیراق نەك تەنها مەسەلەی یەزیدی‌یەکان، بەڵکو تەواوی کەمینە نەتەوەییو ئاینی‌یەکانی تریش نە بە پێی گەڕانەوە بۆ لۆژیكو مێژووە نە بەگوێ رایەڵیو پرسوڕابەو کەسانەوەو سەربەستی پێ دانیان لەدەربڕینی رەگەزو نەتەوە یا ئاینی خۆیان. بەڵکو لەلای ئێمە ئەو جۆرە مەسەلانە لەدەزگا بەرزەکانی دەوڵەتەوە وەك ئەوامرو فەرمانی رەسمی دادەبەزنو بەسەر کەمینەکاندا دەسەپێندرێ.

لەسەرژمێرە گشتی‌یەکەی ساڵی (١٩٧٧)ی عیراق بڕیاری بەعەرەب ناونوس کردنی گشت کەمینە نەتەوەییو ئاینی‌یەکانی وڵات وەك دووئاینی مەسیحیو یەزیدیو کەمینە نەتەوەیی‌یەکانی وەك ئاشوریو کلدانو ئەرمەنو سریان لەئاستی هەرەبەرزی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتەوە دابەزی دژ بە خواستو ئیرادەی خۆیان. بەشێوەیەك حاشا لەڕەگەزی گشت ئەو خەڵکانە کراو هەرچی کوردی یەزیدیو مەسیحی‌یەکان هەن بە رەگەزە جیاجیاکانەوە_ بە عەرەب لەقەڵەم دران. ئەمە وای‌کرد کە خەڵکێکی زۆر لەبرا یەزیدی‌یەکانمان خۆیان لەناونووسەکان بدزنەوە.

تەنها بۆ ئەوەی بە عەرەب نەنووسرێن، تەحەمولی گەلێ راونانو حەپسو هەڕەشەیان کردو رازی نەبوون لەنەژادی خۆیان لابدەن هەرچەندە ناو نووسەکان ماڵەو ماڵ بە دوایاندا دەگەڕان.

بێگومان فەرمانی بە عەرەب لەقەڵەمدانی ئەم کەمینانە لەعیراقدا لەهەڵوێستێکی ئاشکرای هەڵلوشینو هاڕینی ئەو

ڕەگەزە جیا لەعەرەبانە بەولاوە شتێکی تر نیەو ڕاوەستانەوەیەکی ئاشکرایە دژ بە ئیرادەی تەواوی ئەو ڕەگەزانە. دەنا یاسای بە عەرەب لەقەڵەم دانی تەواوی کەمینە ئاینییەکانی عیراق چ بنچینەیەکی هەیە؟ لە کاتێکا شتێکی ئاساییو سادەیە چۆن بیرو باوەڕو عەقیدەی دینی جۆراو جۆری وەك خەوارجو نەسرانیو بەهائیو سونیو شیعە لەناو نەتەوەی عەرەبدا هەبوونو هەن ئاواش سەیر نیە ئایینو تەریقە وەك یەزیدیو کاکەییو حەقەش لەناو کوردا هەبێ. بێگومان هەروەك مێژووی یەزیدیەکانو مێژووی تەواوی نەتەوەکانی جیهان لەخەباتیان دژی تواندنەوەو قەڵاچۆکردن ڕوونی دەکەنەوە ئەو زەمانە نەماوە کەتێیدا میللەتان قوت بدرێنو ناویان لەسەر دنیا بسڕێتەوە بەڵکو بەکارهێنانی هەر ئاگرو ئاسنێك لەم بوارەدا لەزیاتر سوور کردنی خەڵكو خۆ بەستنەوەی توندو تۆڵ تر بە مەسەلە ڕەواکەیانەوە ئەنجامێکی تری نیە.

خۆ ئەگەر وەك گریمانێك هاتینە سەر ئەو ڕایەی کە دەڵێ یەزیدی عەرەبن ئەوا پرسیارێك دێتە پێشەوەو ئێمەش ئاراستەی لێ پرسراوانی دەکەین ئەویش ئەوەیە: یەزیدی شنگارو شێخان عەرەبن بەڵام ئەی سەدان هەزار یەزیدی کوردستانی تورکیا لە (هەکار، جزیر، سەعرد، موش، زوق، بۆتان، دیاربەکر، ماردین، بەدلیس) کە لەناوچەیەکی فراوانی کوردستانی تورکیا دان چین؟ بێگومان دەبێ ئەوانیش عەرەب بنو دەبوایە ڕۆژێ لەڕۆژان داوایان کردبان. دەبێ یەزیدییانی یەکێتی سۆڤیەت لەئەرمینیاو جۆرجیاو لەناوچەکانی (تفلیس، باتوم، ئەمادیە)ئەوانیش عەرەبی ساغو سەلیم بن. بەم شێوەیە نیشتمانی عەرەب بە چیاکانی ئارارات دا خۆی بەناوی تورکیاو یەکێتی سۆڤیەتدا دەکاو دەبوایە تاکوو ئێستا داوایەکی ئەو مافە داگیرکراوەی خۆیان بکەن.

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە یەزیدیانی یەکێتی سۆڤیەت بە ئارەزووی خۆیان، بە کورد حساب کراونو شان بەشانی باقی کوردە موسڵمانەکان هەندێ لەمافە نەتەوایەتیەکانیان پێ دراوە.

ئەگەر یەزیدییانی شنگارو شێخان عەرەب بن، ئەی ئەو هەموو ماڵ وێرانیو قەتڵو عامەی کۆن مانای چی؟ ئەی تەهجیرو تەبعیسو تەعریبو تەرحیل مانای چی؟. .
خەڵکێکی عەرەب پێویست دەکا بە عەرەب بکرێ؟

ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین لەوانەیە تاك‌و تەرا، خێزان‌و خەڵکێکی عەرەب ڕەگەز لەناوچەی شنگارو شێخاندا هەبن هەروەك چۆن لەکەرکوك‌و توزخورماتو هەن‌و نکوڵێش لەوە ناکەین کەوا هەندێ عەشایری عەرەب بەهاندان‌و بەرتیلی دەوڵەت نیشتەجێی ئەو ناوچانە کراون‌و لەناو جەرگەی خەڵك‌و خاکی کوردستاندا چێندراون. زەوی جوتیارە کوردەکانیان بە زۆر بۆ کڕدراوەو بەسەریاندا دابەش کراوە بەڵام تۆ بڵێی ئەمانە لەوە زیاتر کە هەویەی کوردی ئەو خەڵك‌و خاکە دەسەڵمێنن مانایەکی تر بە دەستەوە بدات؟ بوونی چەند خێزانێکی عەرەب لەناوچەیەکەی کوردنشین دا ئەو ناوچەیەی پێ نابێ بە عەرەب هەروەك چۆن بوونی چەند کوردێك لەناوچەیەکی عەرەبستاندا ئەو ناوچەیەی پێ نابێ بە کوردستان. هەرگیز بە چەند هەزار کوردێك شاری بەغدا نابێ بەکوردستان. لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی‌و دابەشکردنی جیهان لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانداو دروست کردنی دەوڵەتی عیراق. کێشە لەنێوان عیراق‌و تورکیا لەسەر ویلایەتی موسڵ پەیدا بوو. لەبگرەو بەردەی ئەو کێشەیەدا تورکیا داوای سلێمانیشی دەکرد بەو بیانووەی (٣٢٩٠٠) تورك لەو شارەدا نیشتەجێن. عیراقیش دەیگوت: نەخێر (٧٠٠٠) عەرەب لەسلێمانی دا هەن. کاتێ لیژنەیەکەی هاوبەش پێکهات‌و چوونە سلێمانی. یەك دوو تورکیان لەسلێمانی دا دۆزی‌یەوەو هیچ عەرەبێکیشی لێ نە بوو[١٨].

ئەو راستی‌یە پێویستە کەس لەیادی نەکا کەوا هیچ نەتەوەو خاکێك بە ژێر دەستی‌یەکی کاتی لەڕەچەڵەکی خۆی ناشۆرێتەوە. زۆربەی زۆری خاکی نیشتمانی عەرەب بۆ ماوەی چوار سەدەی رەبەق لەژێر دەستی تورکانی عوسمانی‌دا بوو بێ ئەوەی هیچ پارچەیەکی، ببێ بەخاکی تورکان.

هەروەها هیچ نەتەوەیەکیش بە ئاینی پێغەمبەری نەتەوەیەکی تر لەرەگەزی خۆی ناگۆڕێ‌و سەرکردەو پیاو چاکان کاریان هێنانی خەڵکی‌یە بۆ سەر ڕێگای راست بێ ئەوەی بچنە سەر ڕەگەزەکەی هەر وەك چۆن لەدەوڵەتەکەی سلاحەدینی ئەیوبی، نە شام نە جزیرەو نە فەلەستین‌و نە میسر نەبوون بە پارچەیەك لەکوردستان.

لەوڵاتێکی وەك عیراق دا، کە نەتەوەو ئاین‌و بیرو باوەڕی جیاجیای تێدا دەژی ڕێبازی دیموکراسیانەو لێکۆڵینەوەی زانستیانە سەرکەوتوترین ڕێبازن بۆ پێکەوە ژیانی ئەم ڕەگەزو ئاینە جیاوازانەو ڕەتاندن‌و دوور حستنەوەی هەڕەشەی لێك

**هەڵوەشاندن. بۆیە باشتر وایە رێگای زانستیانەو مرۆڤانە لەگەڵ برا یەزیدییەکانمان بگیرێدرێتە بەرو باشترە بە سەرژمێری سەربەستو دیموکراسیانە بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتیان دا بگەڕێن نەك بە رێگای دەست نیشان کردنی رەگەزیان نەك لەرێگای یاساو فەرمانی رەسمی دەوڵەتەوە.**

**یەزیدییەکان سەرەرای هێرشو پەلامارە تایبەتیەکان بۆ سەریان هاوبەشی شۆڕشە کۆنو نوێکانی گەلەکەشیان بوونو خاوەنی سەرکردەی شەهیدی وەك (شێخ حسەین بابە شێخن کە لەدەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانییە لەساڵی (١٩٧٦)دا بە ورەیەکی پۆڵاینەوە دەستی بەخەباتی نوێی گەلەکەی کرد تا لەکارەساتەکەی هەکاریدا شەهید بوو گیانی سپارد بە گەلەکەی. ئەمەو چەندین پێشمەرگەی قارەمانی تر لەبرا یەزیدییەکانمان کە ئێستا شان بەشانی براکانیان لەریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دان.**

**بێگومان داخوازی ئەوانیش لەهی باقی خەڵکی کوردستان زیاتر نیە کە بریتییە لەژیانێکی سەربەستو دیموکراسیانە لەچوار چێوەی کوردستانێکی سەربەخۆدا.**

---

## پەراوێزەکان:

[i] مێژوو. دکتۆر کەمال مەزهەر ل٨

[ii] شێواندنی مێژوو. کوردۆیف یا قەناتی کوردۆ.

[iii] الیزیدیة صدیق الدملوجی.

[٤] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل٤٧٢

[٥] هەمان سەرچاوە ل٤٨٠

[٦] الأکراد و بلادهم (المقدم شیخ عبدالوحید) ل١٠٧

تێبینی: هەرچەندە شێخ عەبدولوەحید لەزۆر شوێن دا خۆی تووشی هەڵە کردووە لەم کتێبەدا. سوود وەرگرتن لەهەندێ بیروڕای ئەو کتێبە مانای ئەوە نیە کتێبەکە هەمووی چاکە. سەرنجی خوێنەری بەرێزیش بۆ ئەوە رادەکێشین کەوا نووسەر خۆی ئەندامی پەیمانە گۆڕکراوەکەی بەغدایە کە یەکێ لەبەندەکانی دوژمنایەتی کردنی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی گەلی کورد بوو.

[٧] هەمان سەرچاوە ل٨٢

[٨] الیزیدیة صدیق الدملوجی ل٤٨٢

[٩] الأکراد في بهدینان أنور المائی ل٦٤

[10] بڕوانه اليزيدية صديق الدملوجي ل٤٨٨

[11] ئارشاك سافر ستيان- مێژووی کورد و کوردستان_ ل٣٠

[12] اليزيدية صديق الدملوجي ل١٥٠

[13] عبدالرزاق الحسني اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم ل٥٩

[14] یەزیدییەکانو ئاینی یەزیدی. شاکر فەتاح ل١٠٤

[15] شاکر فەتاح. یەزیدییەکانو ئاینی یەزیدی ل٣

[16] عبدالرزاق الحسني کە ساڵی ١٣٢٣_ز_ کۆچی دوایی کردووە لەکتێبەکەیدا بەناوی (الحوادث الجامعة و التجارب النافعة في المئة السابعة)دا باسی دەکا. بڕوانە اليزيديون (عبدالرزاق الحسنى) ل١٣٦

١هەمان سەرچاوە ل١٣٨

٢-مشكلة الموصل د. فاضل حسين ل٨٦

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**


١-اليزيدية. صديق الدملوجى ١٩٤٩ الموصل.

٢-الأكراد. باسيل نيكيتين.

٣-الأكراد في الأتحاد السوفياتى محمد توفيق و وردى.

٤-الأكراد فى بهدينان انور المائى.

٥-حكمة الأديان الحية. جوزيف گاير.

٦-رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين الميجرسون.

٧-الأسس النفسية فى القبائل الكردية

٨-سنتان فى كردستان. ديبلوار W. R. Hay

٩-اليزيديون فى حاضرهم و ماضيم. عبدالرزاق الحسنى.

١٠-حضارة الدولة الدوستكية فى كردستان الوسطى. الجزء الثانى. عبدالرقيب يوسف.

١١-مع الأكراد. تومابوا.

١٢-مشكلة الموصل د. فاضل حسين.

١٣-الأكراد و بلادهم. المقدم شيخ عبدالوحيد. مطبعة المكتبة باكستان.

١٤-اليزيدية أحوالهم و معتقداتهم. د. سامى سعيد الاحمد. الجزء الاول.

١٥-القضية الكردية. محمود الدرة.

١٦-الحكومة الوطنية و مشكلة الشمال. نعمان ماهر الكنعاني.

١٧-ضوء على شمال العراق. نعمان ماهر الكنعاني.

١٨-الأكراد و العرب. ابراهيم احمد.

١٩-قصة الديانات. سليمان مظهر.

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

٢٠-مێژووی کوردو کوردستان. ئارشاك سافراستیان.

٢١-هەندێك بیرو باوەڕی هەڵە لەبارەی زمانو مێژووی کوردەوە. پرۆفیسور قەناتی کوردۆ.

٢٢-کوردو مەسەلەی کورد. شاکر خسباك.

٢٣-کورو کوردستان. محەمەد ئەمین زەکی.

٢٤-شەرەفنامە. شەرەفخانی بەدلیسی.

٢٥-کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا د. کەمال مەزهەر.

٢٦-مێژووی کورد. د. کەمال مەزهەر.

٢٧-کورد. مینۆرسکی.

٢٨-نڤیژین ایزیدیان مطبعة الترقی. دمشق ١٩٣٣

٢٩-یەزیدییەکانو ئاینی یەزیدی. شاکر فەتاح.

٣٠-ئاینو باوەڕ لەکوردستانا. کەریم زەند.

٣١-کوردستانو ئاینی ئیسلام. رەئووف حەوێزی.

٣٢-گۆڤاری گەلاوێژ ژمارەکانی ساڵی ١٩٤٠

٣٣-گۆڤاری رۆژی نوێ ژمارەکانی ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٦١.